# هۆشیاریی ئاکاری و پەیوەندی بە شێوازی مامەڵەی باوان

## لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە شاری کۆیە

**کاروان مجید حامد [1] جوان نوری رسول[2]**

[1,2] بەشی پەروەردە و دەروونزانی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

بوونی هۆشیاری ئاکاریی لە کۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی لادانی ئاکاریی و فەرامۆشکردن لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، پێویستە هۆشیاریی ئاکاری هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنەکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا پەرەپێبدرێت، بەپێچەوانەوە ڕوخانی کۆمەڵگە و بوارەکانی تری ژیانی بەدوادادێت، کێشەی خراپ مامەڵەکردنی باوان لەگەڵ منداڵەکانیان پێچەوانەی نیازیان دەشکێتەوە و هیچ هاریکاریەك لە پەروەردەکردنی منداڵدا ناکات، گرنگە بزانین باشترین شێوازکام شێوازەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵدا بۆ بەرزکردنی ئاستی هۆشیاری ئاکارییان، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە، زانینی ئاستی هۆشیاریی ئاکاری و زانینی ئاستی شێوازی مامەڵەی باوان و زانینی جیاوازی هۆشیاریی ئاکاری و شێوازی مامەڵەی باوان بەپێی گۆڕاوەکانی(ڕەگەز، لقی خوێندن، داهاتی مانگانەی خێزان) و زانینی پەیوەندی لە نێوان هۆشیاریی ئاکاری و شێوازی مامەڵەی باوان لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە، توێژەر میتۆدی وەسفی پەیوەستی(پەیوەندی) بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیەن بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠٢١-٢٠٢٢ز)، توێژەر پێوەری(هۆشیاریی ئاکار)ی ئامادەکردووە، بۆ پێوانەکردنی شێوازی مامەڵەی باوانیش پشتی بە پێوەری(جبار، ٢٠١٦) بەستووە، دوایی دەرهێنانی ڕاستگۆیی و جێگیری بۆ پێوەرەکان، جێبەجێ کران، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ئاستی هۆشیاریی ئاکاری و شێوازی مامەڵەی باوان لای سامپڵی توێژینەوەکە بەرزە، ئاستی هۆشیاریی ئاکاری بەپێی گۆڕاوی(ڕەگەز، لقی خوێندن، داهاتی مانگانەی خێزان) جیاوازی نییە بەڵام بۆ شێوازی مامەڵەی باوان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز بۆ شێوازی(توندوتیژی) لە ئاستی بەڵگەداریدا جیاوازی هەیە بەلای ڕەگەزی مێدایە، بۆ شێوازەکانی(هەماهەنگی، زاڵبون، فەرامۆشکردن) جیاوازی نییە، جیاوازی هەیە بەپێی گۆڕاوی داهاتی مانگانەی خێزان لە ئاستی بەڵگەداریدا بەڵام جیاوازی نییە بەپێی گۆڕاوی لقی خوێندن، پەیوەندی هەیە لە نێوان هۆشیاریی ئاکاری و شێوازی مامەڵەی باوان پەیوەندیەکەش پەیوەندیەکی ئەرێنی و ڕاستەوانەیە. لەکۆتایی توێژینەوەکەدا توێژەر کۆمەڵێك دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازی خستۆتەڕو.

**وشە سەرەکییەکان:** خوێندکاری ئامادەیی، شێوازی مامەڵەی باوان، هۆشیاریی، هۆشیاریی ئاکاری، ئاکار

### ١. پێشەکی

کۆمەڵگە بەدەست چەندین کێشەی زۆرەوە دەناڵێنێت و بنەمای ئەم کێشانەش کێشەی ئاکارییە کە بە پلەی یەکەم دێت و دەبێتە هۆی قەیرانی ئاکاری ئەمەش بە هۆی دواکەوتویی ئەم کۆمەڵگانە لە هۆشیاریی ئاکارییدا، کە دەبێتە هۆی لادانی ئاکاریی و فەرامۆشکردن و گەندەڵی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، پێویستە هۆشیاری ئاکاری هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنەکانی بوارە جۆراو جۆرەکانی ژیاندا پەرەپێبدرێت، بەپێچەوانەوە ڕوخانی کۆمەڵگە و بوارەکانی تری ژیانی بەدوادا دێت و بەردەوام دەبێت. کێشەی توندوتیژی و فەرامۆشکردن و زاڵبوون و خۆسەپاندن بە سەر منداڵان یەکێکن لە سەرەکیترین کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا وەستاوە و هەڕەشە لە پێکەوەبونی دەکات، خراپ مامەڵەکردنی باوان لەگەڵ منداڵەکانیان نەك هەر کارێکی مرۆڤایەتی نییە، بەڵکو زۆر زۆریش پێچەوانەی نیازی باوان دەشکێتەوە و هیچ هاریکاریەك لە پەروەردەکردنی منداڵدا ناکات، ئەو منداڵانەی کە لە ژینگەیەکی خێزانی کێشەداردا پەروەردەدەکرێن و باوانیان مامەڵەی خراپیان لەگەڵدا بەکاردەهێنن، ئەوا بە دەست کێشەی ڕەفتاریی و دەستکەوتی نزم لە خوێندنگا و خراپی لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتی و نەگونجاوی خوێندنەوە دەناڵێنن. هەرزەکاری یەکێکە لە مەترسیدارترین قۆناغەکان، کە ڕوبەڕوی

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٥، ژمارە ٢ (٢٠٢٢)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٧ ئەیلوول ٢٠٢٢؛ پەسەندکردن: ١٧ کانوونی یەکەم ٢٠٢٢
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٣١ کانوونی یەکەم ٢٠٢٢ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: karwan225355@gmail.com
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٢ کاروان مجید حامد، جوان نوری رسول، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp24-37

منداڵان و باوان و ڕۆشەنبیران دەبێتەوە، بە گشتی قۆناغی گۆڕانکارییە فسیۆلۆژی و دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانە و دەبێت بیرێك لەو ڕێگەیانە بکرێتەوە، کە هەرزەکاران بتوانن بە هێمنی بەم قۆناغەدا تێپەڕن.

ئەمڕۆ جیهان بە گۆڕانکاری و وەرچەرخانی خێرادا تێدەپەڕێت، کە فشاری دەرونی و کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی دێنێت بۆ سەر تاکەکان بەگشتی و خوێندکاران بەتایبەتی، کە پێویستی بە وەڵامدانەوەیان هەیە، بەپێی توانای خۆیان ڕوبەڕویان دەبنەوە بۆ مامەڵەکردن و خۆگونجاندن لەگەڵایاندا، دەیانخەنە بەردەم چەندین کێشە و نائومێدی و ئەنجامدانی هەندێك ڕەفتاری ناپەسند ئەویش بەهۆی نەبونی هۆشیاریی ئاکاری و سروشتی تەمەن و قۆناغی خوێندن، کە بە داخوازیەکانی ژیان دەسپێردرێت و ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر سیستەمی ئاکاری و تەندروستی جەستەیی و دەرونی دەبێت، دواتر ڕێگری لە پێشکەوتنی ئەکادیمیان دەکات (عمر، ٢٠١٩، ١٥٧).

دەرونزانان ئاماژە بەوە دەکەن، کە مامەڵەی خراپی باوان وا لە هەرزەکاران دەکات هەست بە نائومێدی بکەن و دژایەتی سۆزداریان هەبێت و هەست بە نەزۆکی و بێدەسەڵاتی بکەن کاتێك توشی سەختی ژیان دەبن و هەستەکانی خۆیان سەرکوت دەکەن و سەرزەنشتی خۆیان دەکەن، بۆ ململانێی ژیانی نوێ کێشە و ناخۆشیە کۆنەکان بەبیر خۆیان دێننەوە ( دریبین، ٢٠١٢، ١١).

ئەم توێژینەوەیە ڕاستە لەسەر هۆشیاریی ئاکاری و پەیوەندی بە شێوازی مامەڵەی باوانە، بەڵام کام شێوازی مامەڵەی باوان وا دەکات هۆشیاری ئاکاری لای تاکەکان بەرز یان نزم بێت؟ بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا دەیەوێت بزانێت ئایا ئەو منداڵانەی، کە باوانیان مامەڵەیان خراپ و توندوتیژە هەمان هۆشیاری ئاکارییان هەیە؟ یان جیاوازە لەگەل باوانێك کە لەگەڵ منداڵەکانیان مامەڵەیان لەسەر ڕێزو خۆشەویستی و هەماهەنگی بنیادنراوە؟ لێرەدا توێژەر پێیوایە کە بەکارهێنانی شێوازی مامەڵەی باوان بە شێوەیەکی خراپ دەبێتە هۆی توشبون بە نەخۆشی دەرونی و نزم بونی هۆشیاریی ئاکاری، بە پێچەوانەشەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ بەدەمەوەچونی نەبونی توێژینەوەی ناوخۆیی، کە ئەم دوو گۆڕاوەی لەخۆگرتبێت لە ڕێگەی ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان هۆشیاریی ئاکاری و شێوازی مامەڵەی باوان.

### ١.١ گرنگی توێژینەوەکە

ئاشکرایە کە هەر کۆمەڵگەیەك پێکهاتەیەك لە بنەما ئاکارییەکان لەخۆ دەگرێت، کە لە کۆمەڵگەیەکی تری جیادەکاتەوە، ئەو بنەمایانەش لای تاکەکان لە ڕەفتار و کردەوەکانیاندا ڕەنگدەدەنەوە و بناغەیەك بۆ پێوانەکردنی کردارەکانیان پێکدەهێنێن بۆ ئەوەی ڕاست و هەڵەی خۆیان بزانن، ئەو بنەما ئاکارییەش، کە لە کۆمەڵگەدا هەیە بنەمای هێز و پێکەوەیی پێکدەهێنێت و یارمەتیدەرە لە پاراستنی تایبەتمەندی خودی و ناسنامەی خودی، کە لە کەسانی تری جیادەکاتەوە، ئاکار کۆمەڵێك ڕەفتار و هەڵسوکەوتە، کە مرۆڤ دەتوانێت بەدەستی بهێنێت، ئەگەر خۆی بە ئامانجەکەیەوە ببەستێتەوە، ئەویش پاراستنی جەوهەری بونی مرۆڤە، واتا بە دوای لایەنی ئاکارییدا بگەڕێت کە کار دەکاتە سەر هەمو خەڵك، بۆیە گرنگە و دەبێت لایەنی ئاکاری هەڵبسەنگێنرێت بۆ گەیشتن بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ، ئاکار لایەنێکی گرنگی هاوسەنگی و یەکخستنی کەسایەتی تاك و بونیادنانی ئیرادەی ڕوبەڕوبونەوە و تاقیکردنەوە قورسەکان و بەرهەڵستیکردنە لە فریودان، هەمو شتێك، کە تاك لە ژیاندا دەیکات لەسەر بنەمای سروشتی ئاکاری کەسایەتی خۆی و پێکهاتە ئاکارییەکانی بەندە، ئاکارەکانی دیاریدەکەن، کە چی بکات و چۆن کار بکات؟ توانای خۆی جەخت لە ڕۆڵ و گرنگی پەروەردەی ئاکاری دەکاتەوە لە پەروەردەکردنی تاکەکان و ئامادەکردنیان بە ئاکار، هۆشیاریی ئاکاری کار دەکاتە سەر ڕەفتاری منداڵ، بەو هۆیەی کە منداڵ پەروەردەی خێزانە، گرنگە بزانین مامەڵەی خراپ لەگەڵ منداڵ لە لایەن باوانەوە چ زیانێکی ئاکاری و دەرونی پێدەگەیەنێت؟ گرنگیدان و مامەڵەی باش لەگەڵیاندا تا چ ڕادەیەك سودیان پێدەگەیەنێت؟ گرنگە بزانین باشترین شێواز کام شێوازەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵدا بۆ باشکردن و بەرزکردنی ئاستی هۆشیاری ئاکارییان؟ بەشێوەیەك لە تەمەنەکانی تری ژیانی بە تایبەت لە هەرزەکارییدا ڕەنگدانەوەی لەسەری هەبێت و تاکێکی بەسود بێت بۆ کۆمەڵگە. بەو پێیەی کە پۆلی دوانزدەەم بە توێژێکی پێشەنگ و گرنگ سەیردەکرێن لە قۆناغی ئامادەیی زیاتر لە پۆلەکانی خوار خۆیان لە هۆشیاریی ئاکاری و شێوازی مامەڵەی باوان تێدەگەن بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە زیاتر دەکەن.

مرۆڤی زیندو لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا بە پەیوەندیەکی باش لەگەڵ ئەوانی تردا دیاری دەکرێت، چەمکی زیندویی ویژدانیش بەشداری لە هەستی ئارامی تاك دەکات، کە تێیدا هەستی دڵنیایی پێکهاتەیەکی بنچینەیی هۆشیاریی ئاکاری تاکەکانە (منسي وكاظم، ٢٠١٠، ٤٣).

زۆر لە هەڵسوکەوتەکان، کە ڕەهەندێکی ئاکاریان هەیە لە ژیانی ڕۆژانەدا پێویستی بە هۆشیایی ئاکاری هەیە، بۆ ئەوەی تاك بتوانێت بڕیاری ئاکاری بدات، کە یەکێکە لە هەنگاوە پێشکەوتووەکانی ڕەفتاری ئاکاری و بەرپرسە لە دیاریکردنی هەڵسوکەوتی ئاکارانە لە ڕاستی ژیاندا (Narvaez, 1993, 268).

گرنگی هەڵبژاردنی قۆناغی هەرزەکاری دیاریکراوە چونکە تۆوی تەندروستی دەروونی و نەخۆشی دەروونی دەتوانێت بناغەی خۆی لەم قۆناغەی ژیاندا دابڕێژێت کە کاریگەری لەسەر پێکهاتەی کەسایەتی و چارەنوسی تاك دەبێت (راجح، ١٩٨٥، ٥١٠).

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە تیشك دەخاتە سەر قۆناغێکی گرنگ و هەستیار لە کۆمەڵگەدا، ئەویش قۆناغی هەرزەکارییە، کە خوێندکاری ئامادەیین بە تایبەتیش کە پۆلی دوانزدەمن، ئەم قۆناغە قۆناغی دۆزینەوەی خودە بۆ پشتبەستن بە هۆشیاریی ئاکاری بە شێوەیەکی فراوان و قۆناغی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیە بۆ بەدەستهێنانی نمرە، گرنگیدان بە توێژینەوە لەسەر هۆشیاریی ئاکاری خوێندکارانی ئامادەیی گرنگیدانە بە هۆشیاریی ئاکاری ئایندەی خوێندکارەکە و خێزان و کۆمەڵگە، گرنگینەدان بەم قۆناغە و پشتگوێ خستنی هۆشیاریی ئاکارییان دەبێتە هۆی ڕوخانی دەرونییان و هۆشیاریی ئاکاری ئایندەی خوێندکارەکە و خێزان و کۆمەڵگەشی دەخاتە مەترسییەوە. قۆناغی ئامادەیی قۆناغێکی گرنگی ژیانی خوێندکارە، کە باوان ڕۆڵی کاریگەریان دەبێت لە بونیادنانی کەسایەتی خوێندکاردا ئەمەش هاوکاری خوێندکار دەکات بۆ بەگەڕخستنی تواناکانی و بەدەستهێنانی نمرەی بەرز و بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە وەرگرتنی زانکۆو کۆلێژی دڵخوازی خۆی.

### ٢.١ پرسیارەکانی توێژینەوەکە

١. هۆشیاری ئاکاری لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە لە چ ئاستێکدایە؟
٢. ئاستی هۆشیاریی ئاکاری بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، لقی خوێندن، داهاتی مانگانەی خێزان) لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە لە چ ئاستێکدایە؟
٣. شێوازی مامەڵەی باوان لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە لە چ ئاستێکدایە؟
٤. ئاستی شێوازی مامەڵەی باوان بەپێی گۆڕاوەکانی(ڕەگەز، لقی خوێندن، داهاتی مانگانەی خێزان) لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە لە چ ئاستێکدایە؟

شێوازی مامەڵەی باوان لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە لە چ ئاستێکدایە؟

٥. پەیوەندی نێوان هۆشیاریی ئاکاری و شێوازی مامەڵەی باوان لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە لە چ ئاستێکدایە؟

### ٣.١ ئامانجەکانی توێژینەوە

١. زانینی ئاستی هۆشیاریی ئاکاری لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە.
٢. زانینی ئاستی هۆشیاریی ئاکاری بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، لقی خوێندن، داهاتی مانگانەی خێزان) لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە.
٣. زانینی ئاستی شێوازی مامەڵەی باوان لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە.
٤. زانینی ئاستی شێوازی مامەڵەی باوان بەپێی گۆڕاوەکانی(ڕەگەز، لقی خوێندن، داهاتی مانگانەی خێزان) لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە.
٥. زانینی پەیوەندی نێوان هۆشیاریی ئاکاری و شێوازی مامەڵەی باوان لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە.

### ٤.١ سنوری توێژینەوەکە

سنوری ئەم توێژینەوەیە بەمانەی خوارەوە دیاریدەکرێت:
سنوری بابەتی: هۆشیاریی ئاکاری و شێوازی مامەڵەی باوان و پەیوەندی نێوان ئەو دوو گۆڕاوە دەگرێتەوە.
سنوری مرۆیی: سەرجەم خوێندکارانی قۆناغی (١٢) دوانزدەیەمی (زانستی، وێژەیی) لە هەردو ڕەگەزی (نێر، مێ) دەگرێتەوە.
سنوری شوێنی: خوێندنگا ئامادەییە حکومیەکانی ڕۆژانەی شاری کۆیە دەگرێتەوە.
سنوری کاتی: ساڵی خوێندنی (٢٠٢١ – ٢٠٢٢ز) دەگرێتەوە.

## ٢. دیاریکردنی چەمکەکان

### ١. هۆشیاریی ئاکاری

**(ڕێست، ١٩٩٤)**

هۆشیاریی ئاکاری توانای تاکە بۆ ناسینەوەی ئەو بارودۆخەی، کە کێشەی ئاکاری تێدایە، ئەم جۆرە ناسینەوەیەش داوا لە تاك دەکات، کە هۆشیاری ئەوەی هەبێت کە کردارەکانی توانای زیان گەیاندنی بە بەرژەوەندیەکانی کەسانی تر هەیە کە پەیوەستن بەو بارودۆخەوە (Rest, 1994, 15).

**(ڤان ساندت، ٢٠٠١)**

هۆشیاریی ئاکاری درککردنی تاکە سەبارت بەو هەڵوێستانەی، کە ئەگەری گونجانی هەڵەی ئاکاری یان ئازار و زیان گەیاندن بە تاکەکان و کۆمەڵ و گروپەکان یان پێکهاتەکانی دیکەی مرۆیی و نامرۆییە زیندووەکان و مادییەکانی تێدایە (Vansandt, 2001, 31).

**(أبوزید، ٢٠٢٠)**

هۆشیاریی ئاکاری توانای تاکە بۆ درککردن بە توخم و پێکهاتەکانی، کێشەی ئاکاری و دەرکردنی باشترین بڕیار لەسەر بنەمای بەها ئاکارییەکان و پەسندکردنی بەها ئاکارییەکان بەسەر ئەوانی تردا و لە ڕوی ئاکارییەوە بەردەوام بوون لە کارکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجی خوازراو (أبوزید، ٢٠٢٠، ٩١٩).

### ٢. شێوازی مامەڵەی باوان

**(زهران، ١٩٨٤)**

شێوازی مامەڵەی باوان ئەو شێوازە دەرونی و کۆمەڵایەتییانەیە کە باوان پەیڕەوی دەکەن لەگەڵ منداڵەکانیان لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، کە کاریگەریان هەیە لەسەر گەشەی ئەقڵی و هەڵچونی و کۆمەڵایەتی منداڵ (زهران، ١٩٨٤، ٢٥٤).

**(الصنعانی،٢٠٠٩)**

شێوازی مامەڵەی باوان ئەو ڕێگا یان شێواز یان ڕفتارەیە، ڕاست یان هەڵە، ئەرێنی یان نەرێنی، لەلایەن باوانەوە پەیڕەو دەکرێت، بە ئامانجی پەروەردە و بەخێوکردنی منداڵەکانیان لە بارودۆخی جیاوازی ژیاندا (الصنعانی،٢٠٠٩، ١٧).

**(الطهاوی، ٢٠٢٠)**

شێوازی مامەڵەی باوان ئەو ڕێگاو شێوازەیە، کە لەلایەن باوانەوە بەکاردێت لەگەڵ منداڵەکانیاندا لە بارودۆخەکانی ژیاندا چ ئەرێنی بێت بەنیازی ڕاهێنانی منداڵان و فێرکردنی ئەو پێوەرانەی، کە کۆمەڵگە پێی ڕازیە یان نەرێنی بێت دەبێتە هۆی نەگونجانی دەرونی و کۆمەڵایەتی و لادان لە پێوەرکانی کۆمەڵگە (الطهاوی، ٢٠٢٠، ٤٦٦).

### ١.٢ چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشو

### ١. هۆشیاریی ئاکاری

هۆشیاریی بەگشتی پرۆسەیەکی ئەقڵییە، کە ڕێگە بە تاك دەدات لە خۆی و جیهانی دەوروبەری تێبگات، هۆشیاری لە چالاکی تاك و گەشەی زمانەوانییەوە ڕاستەوخۆ هەست بە واقیع دەکات و دواتر بەرەو تێگەیشتنی دەرونی ڕوت پەرەپێدەدات، هۆشیاریی ئاکاری توانای تاکە، کە لە ڕێگەی ئەقڵ و پرۆسە هزرییەکانەوە دەتوانێت بڕیاری پێوانەکراو لەسەر کردار و ڕەفتارەکانی بدات، هۆشیاریی ئەگەرەکانی هەڵبژاردنمان بۆ دەکاتەوە و پێوانەی بۆ دادەنێت، بۆ ئەوەی لە نێوان چاکە و خراپەدا و لە نێوان ڕێپێدراو و قەدەغەدا جیایی بکەینەوە (عمر، ٢٠١٩، ١٦٢).

**پێوەرەکانی هۆشیاریی ئاکاری**

أ. چاودێری تاك لە خودی خۆی و فەرامۆش نەکردنی، چونکە دەبێتە هۆی تێکشکان و نەمانی.
ب. تاك بۆ ئەوەی لە کاتی کارکردنیدا وەك کەسێکی بێ ئاکار دەرنەکەوێت کاری خۆشەویستی و ئارەزومەندانە دەکات.
ج. پابەندبون بە یاساو کۆنترۆڵە شەرعی و ئاکارییەکانەوە.
د. بۆ جێبەجێکردنی ڕەفتارەکان فرمان کردنە بە چاکە و نەهی کردنە لە تاوانە.
ه. لە هەموو شتێکدا میانڕەوی دەکەن. (الخرسان، ٢٠١٠، ١٦٩).

## ٣. تیۆرەکانی تایبەت بە هۆشیاریی ئاکاری

**تیۆریی دەرونشیکاری**

زانای دەرونزانی ناسراو (سیگمۆند فرۆید،١٨٥٦-١٩٣٩) بە دامەزرێنەر و پێشڕەوی قوتابخانەی دەرونشیکاری دادەنرێت، فرۆید سیستەمی کەسایەتی مرۆڤی بە سەر سێ هێزی بنەڕەتیدا دابەشکرد، کە بریتین لە (ئەو،id) کە هەمو ئەمانە دەگرێتەوە (هەستیاریی، دەمارگیری، هەڵچونی، بایۆلۆژی، فیسیۆلۆژی، سێکسی و غەریزەکان) لە نەستدا کاریگەر و چالاکە و بە پرەنسیپی چێژەوە کاردەکات و سەرچاوەی وزەی من و منی باڵایە، (من،ego) لە هەستدایە و گرنگی بە خۆپاراستن و ئاسایش دەدات بۆ ئەو، کە ئەویش لایەنی گەشەسەندووە کاردەکاتە سەر واقعی ناوخۆیی و دەرەکی تاك و شوێنی تایبەتی خۆییان نیشاندەدات لە ڕێگەی ئاشتبونەوە لە نێوان داواکارییە نائاقڵانییەکانی ئەو و پێداویستییە ئاکارییەکانی منی باڵا،

(منی باڵا،super ego) ئەمە ویژدانی ئاکارییە، کە منێکی نمونەیە لە ململانێ و ناکۆکی نێوان حەزی غەریزە و فەرمان و مەرامی ئاکاری پێکدێنێت (صالح، ٢٠٠٠، ١٣٥).

فرۆید جەختی لەسەر سیستەمی من(ego) کردەوە، کە چەندین کۆنترۆڵی ئیداری یان دەزگای ڕێکخستنی کەسایەتی هەیە، ئەو سیستەمە توانایەکی زۆری هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوت و گونجانی لەگەڵ ژینگە بۆ تێرکردنی غەریزەکانی بە شێوەیەکی هاوسەنگ و پەسند، فرۆید پێیوایە هەتا سیستەمی من(ego) بەهێزتر بێت، تاك زیاتر هاوسەنگ و گونجاو دەبێت لەگەڵ خۆی و ژینگەدا (ترکي، ٢٠٠٠، ١٨٠).

منی باڵا(super ego) ئاماژەیە بە کۆمەڵێك هێزی فەرمانڕەوا و بیروباوەڕی کارا، کە زۆربەی نەستییە و تاکەکە لە منداڵییەوە فێریان دەبێت، وەك: بیرۆکەکان دەربارەی باشی و خراپی، ئەم لایەنە ئاکارییە لە کەسایەتی تاکەکەدا لە تەمەنی پێنج یان شەش ساڵییەوە فێری دەبێت و بریتییە لەو بنەمایانەی، کە باوان دایدەنێن بۆ ڕەفتار، دەتوانین بڵێین (منی باڵا) بەرامبەر بە (ویژدان)ە کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاریدەهێنین، بەپێی ئەوەی (منی باڵا) ناوبژیوانێکی کۆڵنەدەرە بۆ چاکە و ئاکاری باش، بۆیە بێبەزەییانە بەردەوام دەگەڕێت بەدوای کامڵبونی ئاکاری، (منی باڵا) نە وەك (ئەو) لە پێناو چێژ هەوڵدەدات، نە وەك (من)یش لە پێناو ئامانجە واقیعییەکان هەوڵدەدات، بەڵکو لەپێناو تەواوکارێکی ئاکاری هەوڵدەدات و پێش هەمو شتێك سورە لەسەر گرنگی ئاکار (مستەفا، ٢٠١٩، ٤٩-٥٠).

فرۆیدە نوێییەکان بەشدارییەکی هاوشێوەیان کردووە بۆ سەرەنجەکانی فرۆید لەسەر گرنگی منی باڵا، بەڵام نوێکارەکان بەتایبەتی دەرونزان (ئەریکسۆن) گرنگی زیاتری داوە بە ڕوداوەکانی من(ego) کە دەبێتە هۆی گەشەی ئاسایی و گرنگی زیاتری بە کاریگەری فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان داوە لەسەر گەشەی کەسایەتی بەگشتی، بە تێڕوانینی دەرونشیکاری گەشەی ئاکاری ئامادەباشی ڕێسا ئاکارییەکانە، ئەو گەشە ئاکارییەش تەنها زیادکردنێکی چەندێتییە لە بڕی هەڵسوکەوت، تاك لە هەڵسوکەوتی ئەو کۆمەڵگەیە تێدەگات کە قبوڵی دەکات، بە تێپەڕبونی کات تاك زیاتر کۆمەڵایەتی و ئاکاری دەبێت (الوحیدي،٢٠١١، ١٤).

**تیوری ڕێست**

زانای دەرونزان (جەیمس ڕێست، ١٩٤١-١٩٩٩) یەکەم کەس بو کە هۆشیاریی ئاکاری لە بواری دەرونزانیدا خوێند، خۆی و توێژەرە هاوڕێکانی لەوانە (بیبەو Bebeau، نارفسNarvaes ، تۆما Toma، فۆڵکر Volker) هەڵسان بە دروستکردنی تیۆرێکی نوێ لەسەر بنەمای تیۆری گەشەی ئاکاری کۆلبێرگ، ئەم ڕەوتە بە (چونە ژورەوەیەکی نوێ بۆ کۆلبێرگ یان تێڕوانینێکی نوێی کۆلبێرگ) ناوزەد کران،ئەم تیۆرە پێناسەیەکی ئاکاریی لەسەر بنەمای هەوڵدانێك بۆ تێگەیشتن و یەکخستنی سێ لایەنی ئاکار (زانین و ویژدان و ڕەفتار) هەڵگرت (عسل، ٢٠١٤، ٤٤).

لەم ئاڕاستەیەدا هەڵوێستی ئاکاری کاتێك دروست دەبێت کە ئامانج و پلان و خواست و چاوەڕوانییەکانی خەڵك ناکۆکن، بەو پێیە هۆفمان(Hoffman, 1984) پێشنیاری کرد کە گرنگی یەکلاکەرەوە لە بواری ئاکاردا ئەوەیە، کە هۆشیاریی لە نەمان و قازانج و مافەکانی ئەوانی تر بێت بە تایبەتی کە ئەم ناکۆکییە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ خۆیدا بێت، ڕێك لەگەڵ ئەوەدا ڕێست چەمکی هۆشیاریی ئاکاری ناساند وەك ئەوەی، کە گوزارشت لە هۆشیاریی دەکات، کە چۆن کردارەکانمان کاریگەری لەسەر ئەوانی تر هەیە (Myyry, 2003, 8-9).

لە بوارێکدا کارلێککردنی لایەنی مەعریفی و هەڵچونی و سۆزداری بە درێژایی کۆمەڵێك پرۆسە، بەرپرسن لە بەرهەمهێنانی ڕەفتاری ئاکاری کە ڕێست(Rest) پێی دەڵێت تیۆریی چوار پێکهاتە، کە نوێنەرایەتی پرۆسە ناوخۆییەکان دەکات، کە پێویستە بۆ ڕەفتاری ئاکاری ئەوانیش (هۆشیاریی یان هەستیاریی ئاکاری، بڕیاری ئاکاری، پاڵنەری ئاکاری، جێبەجێکردن یان کرداری ئاکاریی) ئەم پێکهاتانە خەسڵەتی کەسایەتی و بەها نین، بەڵکو یەکەی سەرەکی شیکردنەوەن، کە بۆ بەدواداچونی چۆنیەتی وەڵامدانەوەی مرۆڤ بەکاردێت لە هەڵوێست و بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی یان هەڵوێست و بارودۆخێکی دیاریکراو،ئەم چوار پێکهاتەیە وەك تیمێك پێکەوە لە پرۆسەکان کاردەکەن نەك بە تاك،کەواتە کاری یەك پێکهاتە بەتاك پێشبینی ڕەفتاری ئاکاری ناکات،لە جیاتی ئەوە پشت بە هەر چوار پێکهاتەکە دەبەستێت بۆ ڕەفتاری ئاکاری لەسەر هەمو پرۆسەکان، هەر پرۆسەیەکیش لایەنی مەعریفی و سوزداری و ڕەفتاری لەخۆدەگرێت، کە پێکەوە کاردەکەن بۆ سەرخستن و تەواوکردنی کاری ئاکاری (Nauvaez, 1998, 18).

ڕێست(Rest 1986) یەکەم کەس بوو کە پێشنیازی ئەوە دەکات، هۆشیاریی ئاکاری یەکەم هەنگاوی گرنگە لە پرۆسەی بڕیاردانی ئاکاریدا، ڕێست پێیوایە هۆشیاریی ئاکاری ڕێگەیەکی کرداری و پرۆسەیەکی ڕوونکەرەوەیە، کە لە ڕێگەیەوە تاك دەتوانێت کێشەی ئاکاری دیاریبکات یان دیارینەکات (الأعرجي وخضیر، ٢٠١٧، ١٣٣).

**تیۆریی فێربونی کۆمەڵایەتی**

زانایانی ئەم تیۆرە بە تایبەتی (باندۆرا و وڵتەرز) پێیانوایە کە هەمو هەڵسوکەوتە ئاکارییەکانی تاك بە لاساییکردنەوەی نمونەیێك (مۆدێل) پێکدێت یان دروست دەبێت، لاساییکردنەوە گرنگی تایبەتی هەیە لە پێکهێنانی خۆبەڕێوەبردن و فێربونی ڕەفتاری ئاکاری تاکدا، بەم شێوەیە لە ڕێگەی نمونەوە (مودێل) مرۆڤ دەتوانێت بە چاودێریکردنی ڕەفتارەکانی، بیرۆکەیەك لە هەڵسوکەوتی کەسانی تر بە دەست بێنێت (الاوسي، ٢٠١٠، ٣٣).

ئەگەر هەندێك لە جیاوازیەکان تێبەڕێنین، کە ئەم تیۆرە خۆی لە ئاڕاستەی لاسایی جیادەکاتەوە و هەڵواسراوە بە هۆشیاریی ئاکارییەوە، سیکنەر ڕونی کردۆتەوە کە مرۆڤ بونەوەرێکی ئاکاریی نییە، بەومانایەی تایبەتمەندییەکی تایبەتی هەیە، کە جۆرێك لە ژینگەی کۆمەڵایەتی بنیادنراوە و فریویدەدات بە شێوەیەکی ئاکاری هەڵسوکەت بکات (سکینر، ١٩٨٠، ١٧٢).

**تیۆریی بلۆم**

بلۆم چەمکی تێگەیشتنی ئاکاری وەك هۆشیاریی ئاکاری ناو دەبات، کە لەسەر بنەمای دەرئەنجامێك نییە و ڕاستەوخۆ بە سۆزی ئاکاری و ڕەفتاری ئاکارییەوە بەستراوەتەوە و لە ڕاستیدا ئەستەمە لە جێبەجێکردن (پراکتیزەکردن)دا جیاوازی لە نێوان ئەو دوچەمکەدا بکرێت، کە هەردوکیان ئەزمونی تاکە کەسی ڕاستەقینەن و تەنیا دەتوانرێت لە باسکردن (تیۆریی)دا جیابکرێنەوە، ئەزمونەکە پێی دەوترێت وێناکردن کاتێك ڕودەدات، بەڵام بە هۆشیاریی ناودەبرێت، ئەگەر دەرئەنجامەکانی دیاریبکرێت (Jung, 2014, 2).

بلۆم جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە هۆشیاریی ئاکاری دۆخێکی ئاڵۆزترە لەوەی، کە پێشنیاری بۆچونەکانی ڕێست و ئەوانی بکات، بلۆم لەسەر ئەم پرۆسەیە یان دۆخی هۆشیاریی ئاکاری بە فراوانی نوسەیەتی و ئامانجی سەرەکی لە کارەکانیدا جیاکردنەوەی

درککردن (هەست) بوو لە بڕیاردان لە کارلێککردنی ئاکاریدا و جەختکردنەوە لەسەر گرنگی هۆشیاریی لە ڕەفتاری ئاکاریدا (الكعبي، ٢٠١٩، ٤٩٨).
بلۆم سێ لایەنی یەکخستنی هۆشیاریی ئاکاری پێشکەش کردووە (درککردنی سەرەتایی، وەرگرتن یان تێگەیشتن، توانای لێکدانەوەی بارودۆخەکە)، ئامانجی ئەوە بوو، کە تێگەیشتنی ئاکاری دەستنیشان بکات، بە شێوەیەکی سەرەکی جیاکردنەوەی تێگەیشتن لە بڕیاردان لە بیرکردنەوەی ئاکاریدا و جەختکردنەوە لەسەر گرنگی هۆشیاریی لە پرۆسەی بیرکردنەوەی ئاکاریدا (Vansandt, 2001, 32).

**بۆچونی رینۆڵدس**

هۆشیاریی ئاکاری سەرنجدانی تاکە بۆ دو پێکهاتەی هەڵوێست، بونی زیان و پێشێلکردنی ستانداردەکانی ڕەفتار،کاتێك تاك دانبەخۆیدا دەگرێت لە بارودۆخێك یان هەڵوێستێك، کە ڕەهەندی ئاکاری لە خۆدەگرێت (Bryant, 2009, 508).
(رینۆڵدس) وەك خاڵی دەستپێك لە دیدی تیۆرە گشتگیرییەکەیەوە بۆ ئاکار، خەڵك پۆلین دەکات بۆ دو جۆری سەرەکی (چینی سودبەخش و چینی فەرمی)، چینی سودبەخش ئەو چینەن، کە تاکەکانی گرنگی بە ئەنجامەکان دەدەن و هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی ئاکاری لەسەر بنەمای کاریگەری یان دەرئەنجامەکانیان، کە کاردەکاتە سەر تاکەکانی تر، چینی فەرمی ئەو چینەن، کە تاکەکانی گرنگی بە شێواز و ماناکان دەدەن و هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی ئاکاری دەکەن بە پشتبەستن بە چۆنیەتی پەیڕەوکردنی یاسا و ستانداردی ڕەفتاری، (رینۆڵدس) جیاوازی چینی سودبەخش و فەرمیەکان دەکات بەهۆی جیاوازی هۆشیاریی ئاکاری، رینۆڵدس لە یەکێك لە توێژینەوەکانیدا هەموی نیشانداوە، کە سودبەخشەکان و فەرمییەکان هەمان ئاستی هۆشیاریی ئاکارییان هەیە، کاتێك ڕوبەڕوی هەڵوێستێکی ئاکاری دەبنەوە، کە تێوەگلاون زیان بەوەیتر دەگەیەنێت، بەڵام کاتێك ئەندامانی ئەو دو چینە ڕوبەڕوی هەڵوێستێکی ئاکاری بونەوە کە سەرپێچی و پێشێلکارییەکی پێوانەی ڕەفتاری تێدابو جیاواز بون (Lundberg & Montell, 2010, 7).
رینۆڵدس لە هۆشیاریی ئاکاری دەڕوانێت وەك دانپێدانانی کەسێك، کە پێگەیەکە ناوەڕۆکی ئاکاری هەیە و لەبەرئەوە دەکرێت لە ڕوانگەی ئاکاری سەیر بکرێت (Gino & et. al, 2011, 193).
(رینۆڵدس) پێیوایە کە هۆشیاری ئاکاری بۆ دەستنیشانکردن یان دیاریکردنی ئەو هەڵوێستەیە، کە ناوەڕۆکی ئاکاری و یاسایی لەخۆدەگرێت، کە لە ڕوانگەی ئاکارییەوە دەتوانرێت سەیر بکرێت، ئەم بۆچوونەی وەك وەڵامێك بۆ ئەو بۆچونە داڕێژراوە، کە (ڕێست) پێیوایە هۆشیاریی ئاکاری بەشێکە لە پرۆسەیەکی لێکدانەوەی ئەو تاکەی، کە کێشەی ئاکاری یان پێوانەی یان پرەنسیپی ئاکاری هەیە لە دۆخێکدا دەدۆزرێتەوە کە پەیوەستە بە کۆمەڵێك بارودۆخەوە، ئەم ناسینەوەی ئاکارییە پێویستی بە هۆشیاریی تاك هەیە، کە کردارەکانی توانای سود گەیاندن یان زیان گەیاندنی بە کەسانی تریان هەبێت (Reynolds, 2006, 233).

**بۆچونی جۆنس**

جۆنس لە بۆچونەکەیدا پشتیبەستووە بە تیۆری ڕێست و تیۆری کۆمەڵایەتی، جۆنس تێبینیکرد، کە یەکەم هەنگاو بۆ دەرکردنی هەر بڕیارێکی ئاکاری و دەستنیشانکردنی پرسە ئاکارییەکان دو پێکهاتەی سەرەکی هەیە ئەوانیش:
پێکهاتەی یەکەم: کردار و بڕیارەکانی کەسێك دەرئەنجامی هەیە، کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئەوانی تر دروستبکات، ئەمەش بە هۆشیاریی ئاکاری ناودەبرێت.
پێکهاتەی دووەم: کەسەکە لەکاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کێشەیەکدا خاوەنی ئیرادەیەك یان هەڵبژاردنێك بێت ئەمەش بە هۆشیاریی ئاکاری ناودەبرێت.
بەپێی گریمانەی جۆنس قۆناغی ناساندنی پرسی ئاکار و هەمو قۆناغەکانی بڕیاردانی ئاکاری دەکەوێتە ژێر کاریگەری پێکهاتەیەکی فرە ڕەهەندی چڕی ئاکارییەوە، کە ئەوانیش: (گەورەیی ئەنجامەکان یان دەرئەنجامەکان، کۆدەنگی یان گونجانی کۆمەڵایەتی، ئەگەری کاریگەری، ئێستایی یان تازەیی، نزیکی، چڕکردنەوەی کاریگەری)ە (Jones, 1991, 375).

**٢. شێوازی مامەڵەی باوان**

مامەڵەی باوان چەندین شێواز و ڕێگەی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ یان هەرزەکار لەناو خێزاندا، بۆ ئەو مامەڵەیەش کە لەگەڵ هەرزەکار دەکرێت وەك هەرزەکارێك، ئەوا هەست بە ڕۆڵی چالاك دەکات لە ژیانیدا و زانینیشی هەنگاوی یەکەمە بەرەو هەرزەکاری و ئەگەری ئاراستەکردنی بۆ ئەوەی پێداچونەوەی گونجاو لەگەڵ خۆی و دەوروبەریدا بەدەستبهێنێت (حنين، ١٩٨٣، ١١).

**شێوازەکانی مامەڵەی باوان**

(شێوازی توندوتیژی، شێوازی هەماهەنگی، شێوازی زاڵبون، شێوازی فەرامۆشکردن) (جەبار، ٢٠١٦، ٢١).

**هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر شێوازی مامەڵەی باوان**

(ئاستی ئابوری و کۆمەڵایەتی، ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری باوان، قەبارەی خێزان، کاریگەری کەلتور) (أبو سعد، ٢٠٢١، ١٥).

**تیۆرەکانی شێوازی مامەڵەی باوان**

**تیۆریی دەرونشیکاری**

فرۆید جەخت لەسەر گرنگی پەیوەندی باوان بە منداڵەکانیانەوە دەکاتەوە لە سەرەتای قۆناغی منداڵی و پێیوایە کاریگەری لە دروستکردنی کەسایەتی تاك هەیە لە ئایندەدا (الراوي، ٢٠٠٢، ٢٨).
فرۆید جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە خراپ مامەڵەکردنی باوان کاریگەری لەسەر نەخۆشی دەروونی هەیە لای منداڵ، بەشێوەیەك، کە پێیوایە ئەو شێوازەی، کە باوان لە پێنج ساڵی یەکەمدا پەیڕەوی دەکەن لە قۆناغی هەرزەکاری و دوای هەرزەکاریش کاریگەریان دەبێت، بە شێوەیەك، کە خراپ مامەڵەکردنی باوان دەبێتە هۆی نەگونجاوی و نەسازاوی هەرزەکار و وای لێدەکات، کە گۆشەگیربێت و هەست بە دوژمنایەتی بکات، ئامادەباشی لای منداڵ دروست دەکات یان دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە قۆناغی هەرزەکاریدا توشی نەخۆشی دەرونی ببێت (الدسوقي، ١٩٧٩، ٣٣).
تیۆری دەرونشیکاری وای دادەنێت، کە سیستەمێکی دەرونی لە مرۆڤدا هەیە لە سێ بەش پێکهاتووە: (ئەو) و (من) و (منی باڵا)، (ئەو) سەرچاوەی غەریزەکانە و ناوەڕۆکەکەی نەستییە، کە ملکەچی چێژە و هەوڵی تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانی دەدات، هەمو شتە سەرکوتکراوەکانی تێدایە و لۆژیك و ئاکار و واقیع لەبەرچاو ناگرێت (فرۆید، ١٩٨٢، ١٦). (من) ئەرکی پاراستنی خودە و واقیع لەبەرچاو دەگرێت، لێهاتویی (من) کاتێك دەردەکەوێت، کە تاك فێردەبێت چۆن حەز و ئارەزووەکانی (ئەو) جێبەجێ بکات لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخەی، کە کۆمەڵگە و ژینگە دەیسەپێنێت، لەگەڵ ئەو فرمانەی، کە باوان و گەورەکان ئەنجامی دەدەن لە چاودێریکردنی ئاکار و ڕەفتاری منداڵ، بە تێپەڕبونی کات لەگەڵ ئامۆژگاری و ئاراستەکان لەلایەن باوان و گەورەکان (منی باڵا) لێرەدا دەستپێدەکات وەکو

چاودێرێکی ئاکاری لێدێت بەسەر (من)ەوە و هەڕەشەی لێدەکات، لێرەدا ئەو ئاکارە دروستدەبێت، کە منداڵ دەیبینێت و دەبێتە بەشێك لە بونیادنانی دەرونی، زانایانی دەرونشیکاری وای دەبینن، کە (من) سیستەمێکی دەرونیە منداڵ لە ڕێگەی پەیوەندی بە ژینگگەکەیەوە وەریدەگرێت، بەڵام (منی باڵا) سیستەمێکی تری دەرونییە، کە منداڵ لە ڕێگەی ئەو دەسەڵاتەی، کە لە خێزانەکەیدا هەیە وەریدەگرێت، (فرۆید) پێیوایە کە کارلێکی نێوان باوان و منداڵەکانیان ڕەگەزێکی بنەڕەتییە لە گەشەی کەسایەتی، ئەو شێوازانەی باوان بەکاریدەهێنن لە مامەڵەی منداڵەکانیان ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە گەشەی کۆمەڵایەتی و ئاکاریدا ا (فرۆید، ١٩٨٢، ٦١).

### تیۆریی دەرونی کۆمەڵایەتی

(ئەلفرید ئادلەر) جەختدەکاتەوە لەسەر هەستکردن بەکەمی لەلای تاك جا بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بێت یان بە خەیاڵ، تاك بەردەوام هەوڵدەدات ڕوبەڕوی هەڵوێستە جیاوازەکانی ژیان ببێتەوە،بۆ ئەوەی ئەو کەموکوڕییەی هەستی پێدەکات پڕیبکاتەوە، تاکەکە لەوانەیە شکست بهێنێت لە قەرەبووکردنەوەی هەستکردن بەکەمی، بۆیە هەوڵدەدات ئامانجی خەیاڵی دابنێت بۆ ئەوەی باڵا دەستی کەسی خۆی نیشانبدات بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەوانی تر، ئەو کەسێکی نادروستە لە بڕوابەخۆبون و هەمیشە ڕاڕایە، لە بڕیارەکان دەترسێت و ئازار دەچێژێت و نائومێدە (ربیع، ١٩٨٦، ٣٢١-٣١٨).

ئادلەر گرنگی بە چەمکی شێوازی ژیان داوە، کە لە مامەڵەکردنی منداڵ لەگەڵ باوانی لە ساڵانی یەکەمی ژیانی دەستەبەرکراوە، ئەو شێوازە لە تەمەنی چوار یا پێنج ساڵی یەکەمی تەمەندا وەك شێوازێکی نەگۆڕ گەڵاڵە دەبێت و دوای ئەوە گۆڕینی ئەستەمە (مستەفا، ٢٠١٩، ١٠٠-١٠١).

(کارین هۆرنای) پێیوایە هەر ئاڵۆزیەك لە پەیوەندی نێوان منداڵ و باوان ڕوبدات کاریگەری خراپی لەسەر کەسایەتی منداڵەکە دەبێت و هەست دەکات ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی مەترسی و هەڕەشەی بەردەوامە بۆ سەر ئەو، هۆرنای ئەم هەستە مەترسیەی بە (دڵەڕاوکێی بنەڕەتی) ناوبردووە. هۆرنای پێیوایە ئەو ئاڵۆزییەی لە نێوان منداڵ و باواندا هەیە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکارێك، لەوانە کۆنترۆڵکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر ئازادی منداڵ بێ جیاوازی و ڕەفتاری نائاسایی و بێڕێزکردن بە پێداویستییەکانی منداڵ و نەبونی ڕێنمایی ڕاستەقینە و پاراستنی زۆر و نەبونی گەرمی و خۆشەویستی (محمد وعبد، ٢٠١٩، ٣٣٨).

(ئێریك ئێریکسۆن) جەختدەکاتەوە لەسەر ڕۆڵی ململانێی دەرونیە کۆمەڵایەتییەکان لە گەشە و پێگەیاندنی کەسایەتی، پشتی بە تیۆرەکەی فرۆید بەستووە، بەڵام پەرەی پێدا و چەمکی گەشەکردنی فراوانکرد، بۆئەوەی هەمو ژیان لە منداڵییەوە تا گەورە بگرێتەوە، سێ قۆناغی بۆ پێنج قۆناغەکەی فرۆید زیادکرد، کە تاك لە گەشەی دەرونی کۆمەڵایەتیدا پێیدا تێدەپەڕێت بۆ دیاریکردنی شوناس و پێکهێنانی کەسایەتی و بەدەستهێنانی خود (البرزنجي، ٢٠٠٥، ٥٥).

### تیۆریی فێربونی کۆمەڵایەتی

(باندۆرا و وڵتەرز) جەختان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە فێربونی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لە میانەی تێبینیکردنی ڕەفتاری تاکدا فەراهەم و دەستەبەر دەبێت، خەڵکانی دیکەش وەك نموونە دادەنێن و شوێنی دەکەون و پەیڕەویان لێدەکەن، بە دەستهێنانی ڕەفتاریش لە میانەی ئەم تێبینی کردنەدا پێی دەوترێت شوێنکەوتن یان پەیڕەوکردنی نمونە یان نمونەکردن (برکات، ٢٠٠٠، ٢١).

باندۆرا پێیوایە منداڵ دەستدەکات بە فێربونی شێواز و نمونە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرەتای ساڵانی یەکەمی گەشەی لە ڕێگەی سەرنجدان و لاساییکردنەوە و چاولێکەرییەوە، هەتاکو فەرمانە ئەقڵی و هەڵچوونییەکانی منداڵ زیاتر گەشە بکات زیاتر توانای لاسایی کردنەوەی ئاکار و ڕەفتارە جۆراوجۆر و ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگەکەی دەبێت، ئەگەر هاتو ژینگەی لەبار و گونجاو لە چوارچێوەی خێزان بۆ منداڵ دابینکرا و باوان نمونەی ڕەفتاری باشی پێشکەش بە منداڵەکانی کرد، ئەوا کەسایەتی باش گەشە دەکات،بەڵام ئەگەر ژینگەی خێزان ئاڵۆز بو باوان نمونەی ڕەفتاری خراپی پێشکەش بە منداڵەکانی کرد، وەکو ترساندن و هەڕەشەکردن یان ئەو ڕەفتارانەی دەبێتە هۆی تێکچونی دەرونی منداڵ وەکو نائارامی و نائاسودەیی، ئەوا کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر دروستبوونی کەسایەتییان (أحمد، ٢٠١٢، ٣٥).

### تیۆریی مەعریفی (زانەکی)

بیردۆزی مەعریفی پیاجە گرنگی بە لایەنە مەعریفییەکان داوە لەو گریمانەی، کە کەسایەتی مرۆڤ پەیڕەوی دەکات لە پێکەوەبەستنی کرداری ئەقڵی و سۆزداری، هەروەها لە کارلێککردن لە نێوان ئەم دو کردارە دونیای کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بەبێ تاك نوێنەرایەتی هیچ بابەتێکی کاریگەر ناکات، ئەمەش ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی بوونە، کە تاکێك لە گەشەی مەعریفییدا تێدەپەڕێت و پشتدەبەستێت بە نوێنەرایەتی و خۆگونجاندن (هەڵمژین)، بۆ گەیشتن بە گونجاندنیش پڕۆسەی یەکەم ناساندنی ژینگە و ئەوانەی دەروبەری منداڵن و دووەمیش ئاڕاستەکردنی منداڵەکەیە بۆ هەڵسوکەوت و بونیادنانەوەی مەعریفی بۆ ئەوەی لەگەڵ ژینگەکەی بگونجێت (علي، ٢٠١٠، ٢٧).

پڕۆسەی خۆگونجاندن پشت بەو ڕێکخستنە دەبەستێت کە منداڵ پێی هەڵدەستێت لە ڕێکخستنی پڕۆسە ئەقڵیەکان و پێکەوە بەستنیان، فرمانی خۆگونجاندن خۆی لە هەوڵی تاك دەبینێتەوە بۆ لەیەکچون و وەرگرتن (مژین)ی ڕەوشت، کە لەڕێگەیەوە تاك پڕۆسەی هاوسەنگی جێبەجێ دەکات، پیاجە پێشنیاری چوار قۆناغ دەکات بۆ گەشەکردنی ئەقڵی و مەعریفی منداڵ لە ڕێگەی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە بەم شێوەیە:

١. قۆناغی هەستی جوڵەیی (لە دایك بوونەوە بۆ تەمەنی دوو ساڵی).

٢. قۆناغی پێش پڕۆسەکان (لە تەمەنی ٢-٧ ساڵی).

٣. قۆناغی پڕۆسەی هەست پێکراوەکان (لە تەمەنی ٧-١١ ساڵی).

٤. قۆناغی پڕۆسەی ڕوت ( لەتەمەنی ١١ ساڵی بەسەرەوە).(حەمەد، ٢٠٠٥، ١٣).

بە شێوەیەکی گشتی منداڵ پڕۆسەی بنیاتنان و نوێکردنەوەی مەعریفە کەڵەکەبوەکانی دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتیدا بگونجێت، گومان لەوەدا نییە، کە دەوروبەری منداڵ ڕۆڵێکی گرنگ لە خێرایی و ئاسانی خۆگونجاندنی لەگەڵ ژینگەدا دەبینێت بەتایبەتی ئەو خێزانەی کە ئاسانکاری دەکات بۆ پەیوەندی منداڵەکەی لەگەڵ ژینگەدا و یارمەتی دەدات بە سەرکەوتوویی بگونجێت لەگەڵ داتا نوێکراوەکانی (ابريعم، ٢٠١٢، ٦٩).

### تیۆریی مرۆیی

(ابراهم ماسلۆ) پێویستییەکانی مرۆڤی ڕێکخستووە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی، بەپێی گرنگی تێرکردنیان لەلای تاك پلە پلەی کردووە، ژینگە دەبێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ تاك ئەگەر هاتو مامەڵەی باوان لەسەر بنەمای توندوتیژی و پشتگوێخستن و سەپێنەرانە بو، ئەوا تاك ناتوانێت پێویستییە سەرەکییەکانی تێربکات و گەشەی دروستبکات، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ڕەفتاری شەڕانگێزانە و ڕەفتاری تێکدەرانە و

بیرکردنەوەی سەپێنەرانە و شەرانگێزانە و هەستنەکردن بە ئاسایش و ئارامی (الراوي، ٢٠٠٠، ٥٢).

(کارل ڕۆجەرز) پێیوایە، کە زو کارلێککردن لە نێوان منداڵ و باوان بنەمای دروستبونی چەمکی خودە، چونکە هەمو کەسێك پێویستی بە وەرگرتنی سەرەنجێکی ئەرێنی هەیە لە باوانەوە، کە بە گەرمی و خۆشەویستی و قبوڵکردن دیاریدەکرێت(دافیدوف، ١٩٨٣، ١٦٩).

ڕۆجەرز پێیوایە کە بڕوا بەخۆبون و ڕێزگرتنی ئەرێنی لە سەردەمی شیردانەوە سەرهەڵدەدات، ئەمە دوپاتکردنەوەی شێوازی چارەسەری باوانە لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو منداڵەی، کە خۆشەویستی و پێزانینیان پێ دەبەخشن، خەملاندنەکە پێکدێت لە (گەرمی، خۆشەویستی، هاوسۆزی)، بەڵام بە پێی شێوازی مامەڵەی (فەرامۆشکردن، گرینگیدان) منداڵەکە پێوانەی شتەکان دەکات و دەستدەکات بە دادگاییکردنی خۆی بەپێی ئەم مامەڵانە، بەم شێوەیە ڕۆجەرز پێیوایە چەمکی خود بینین پرۆسەیەکی سادەیە بۆ کەسێك و بۆ کەسێکی تر ئاڵۆزە لە گەشەکردن و گواستنەوەی لە پشتبەستن بەوانی تر و پشت بەستن بە خودی خۆی (صالح، ١٩٨٧، ١١٥).

**تیۆریی ڕەفتاری**

زانایانی ئەم تیۆرە پێیانوایە پرۆسەی کۆمەڵایەتیبون پرۆسەی پێکهێنانی منداڵێکە، کە دێتە دونیاوە واتا تاك بە سروشتی خۆی کۆمەڵایەتییە و گرفتی نییە،لەبەرئەوە ئەوان زیاتر باوەڕیان بە ڕۆڵی شێوازی مامەڵەی باوان هەیە لە پێکهاتەی ڕەفتار و دروستکردنی کەسایەتی جا وێنەکە ئاسایی بێت یان نائاسایی (الغدانی، ٢٠١٤، ٣١).

(سکینەر) پێیوایە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاك ناگەڕێتەوە بۆ خواست و ویستی ئازادییانەی خۆی بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شارەزایی و ئەزمونانەی، کە لە منداڵییەوە پێیدا تێپەڕیوە و ئەزمونی کردووە لەگەڵ شێوازەکانی مامەڵەی باوان لە ژیانیدا (Ross, 1980, 193).

(دۆلارد و میللەر) جەختان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە مرۆڤ وەکو کەرەستەیەکی خاو وایە و ئامادەباشی سەرەتای هەیە بۆ دروستبونی کەسایەتی، ئەو ئامادەباشییە لەسەر بنەمای فێربون لە ناو خێزان و لە نێوەندە پەروەردەییەکان گەشە دەکات و ڕێکدەخرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە چەند جۆرێك ڕەفتاری نوێ لای منداڵ دروست ببێت، کەسایەتی منداڵیش لەسەر پەیوەندی ئەو ململانێیانەی نێوان ئەو جۆرە ڕەفتارە نوێیانە دروستدەبێت، کە لە ناو خێزان و نێوەندە پەروەردەییەکان بەرهەمهێنراون (رمضان، ٢٠٠٥، ٢٠).

## ٤. توێژینەوەکانی پێشو

### ١. توێژینەوەکانی تایبەت بە هۆشیاری ئاکاری و شێوازی مامەڵەی باوان

توێژەر لەم بەشەدا تەنها یەك توێژینەوەی لە توێژینەوەکانی پێشو بەردەستکەوت، کە هەردو گۆڕاوەی توێژینەوەکەی لەخۆبگرێت ئەویش:

**محمد وعبد (٢٠١٧)**

بە ناونیشانی "هۆشیاریی ئاکاری و پەیوەندی بە شێوازی زاڵبون (دەسەڵاتخواز)ی باوان لای خوێندکاری قۆناغی ناوەندی لە پارێزگای بەغداد"

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئاستی هۆشیاریی ئاکاری و جیاوازی هۆشیاریی ئاکاری بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و زانینی ئاستی شێوازی زاڵبونی باوان و جیاوازی شێوازی زاڵبونی باوان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و دەرخستنی پەیوەندی لە نێوان هۆشیاریی ئاکاری و شێوازی زاڵبونی باوان لای خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی، توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، سامپڵی توێژینەوەکەی بریتیبوو لە (١٤٠) خوێندکاری کوڕ و کچی قۆناغی ناوەندی، کە بە شێوەی هەڕەمەکی چینایەتی هەڵبژاردووە لە دو خوێندنگای بەڕێوەبەرایەتی ڕەسافەی یەکەم و دو خوێندنگای بەڕێوەبەرایەتی کەرخی دووەم لە پارێزگای بەغداد بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)، توێژەر پێوانەی هۆشیاریی ئاکاری لە (عسل، ٢٠١٤) وەرگرتووە، کە لە (٢٨) بڕگە پێکهاتووە و پێوانەی شێوازی زاڵبونی باوانی دروستکردووە، کە لە (٢٢) بڕگە پێکهاتووە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە هۆشیاریی ئاکاری بونی هەیە و هیچ جیاوازیەك لە هۆشیاریی ئاکاریدا بونی نیە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و شێوازی زاڵبونی باوان بوونی نیە و جیاوازی بەرچاو هەیە لە شێوازی زاڵبونی باوان لە بەرژەوەندی مێینە و هیچ پەیوەندیەك نیە لە نێوان هۆشیاریی ئاکاری و شێوازی زاڵبونی باوان لای خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی دو خوێندنگای بەڕێوەبەرایەتی ڕەسافەی یەکەم و دو خوێندنگای بەڕێوەبەرایەتی کەرخی دووەم لە پارێزگای بەغداد.

### ٢. توێژینەوەکانی تایبەت بە هۆشیاریی ئاکاری

**عمر (٢٠١٩)**

بە ناونیشانی "هۆشیاریی ئاکاری و پەیوەندی بە نەرمی خود لای خوێندکارانی زانکۆ".

ئامانجی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی ئاستی هۆشیاریی ئاکاری و پەیوەندی لە نێوان هۆشیاریی ئاکاری و نەرمی خود بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و پسپۆڕی لای خوێندکارانی زانکۆ، توێژەر میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێناوە، سامپڵی توێژینەوەکەی بریتیبوو لە (٣٠٠) خوێندکاری کوڕ و کچی قۆناغی سێیەم، کە (١٥٠) خوێندکاری پسپۆڕی زانستی و (١٥٠) خوێندکاری پسپۆڕی مرۆڤایەتی لە دەوامی بەیانیان لە زانکۆی تکریت بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩)، توێژەر پێوەری هۆشیاریی ئاکاری دروستکردووە، کە لە (٤٠) بڕگە پێکهاتبوو وە پێوەری نەرمی خودیشی دروستکردووە، ئەویش لە (٤٠) بڕگە پێکهاتبوو، لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە ئاستێکی بەرز لە هۆشیاریی ئاکاری هەیە و پەیوەندی نێوان هۆشیاریی ئاکاری و نەرمی خود لە ئاستێکی بەرزدایە و بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی لە بەرژەوەندی نێردایە و بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی لە بەرژەوەندی زانستیدایە لای خوێندکارانی زانکۆی تکریت.

**العبیدي والشجیري (٢٠٢١)**

بە ناونیشانی "ویژدان زیندویی و پەیوەندی بە هۆشیاریی ئاکاری لای خوێندکارانی زانکۆ".

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی هۆشیاریی ئاکاری و جیاوازی هۆشیاریی ئاکاری بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و پەیوەندی لە نێوان ویژدان زیندویی و هۆشیاریی ئاکاری لای خوێندکارانی زانکۆ، توێژەر میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێناوە، سامپڵی توێژینەوەکەی بریتیبوو لە (٤٠٠) خوێندکاری دەوامی بەیانیان لە زانکۆی تکریت بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١)، توێژەر پێوانەی ویژدان زیندویی لە (السلطاني، ٢٠٠٥) وەرگرتووە و پێوەری هۆشیاریی ئاکاری لە (العزاوي، ٢٠١٦) وەرگرتووە، لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە هۆشیاریی ئاکاری باشیان هەیە و جیاوازی هۆشیاریی ئاکاری بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێیە و پەیوەندی لە نێوان ویژدان زیندویی و هۆشیاریی ئاکاری هەیە لای خوێندکارانی دەوامی بەیانیان لە زانکۆی تکریت.

### ٣. توێژینەوەکانی تایبەت بە شێوازی مامەڵەی باوان:

**بکری (٢٠١٩)**

بە ناونیشانی "شێوازەکانی مامەڵەی باوان و پەیوەندی بە پاڵنەری دەستکەوتی ئەکادیمی لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە قودس".

ئامانجی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی ئاستی شێوازەکانی مامەڵەی باوان و پەیوەندی لە نێوان شێوازەکانی مامەڵەی باوان و پاڵنەری دەستکەوتی ئەکادیمی لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە قودسدا، توێژەر میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێناوە، سامپڵی توێژینەوەکەی بریتیبوو لە (٣٥٦) خوێندکاری کوڕ و کچی قۆناغی ئامادەیی لە (١٧) خوێندنگا لە قودسی پایتەختی فەلەستین بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩)، توێژەر پێوانەی شێوازەکانی مامەڵەی باوان لە (الجوارنە وحمدان، ٢٠١٥) وەرگرتووە، کە لە (٣٠) بڕگە پێکهاتبو و سێ ڕەهەندی لەخۆگرتبو بریتیبوون لە شێوازەکانی (یەکلاکەرەوە، دەسەڵاتخوازی، نەرمی) و پێوانەی پاڵنەری دەستکەوتی ئەکادیمی لە (العمری، ٢٠١٢) وەرگرتووە، کە لە (٣٠) بڕگە پێکهاتبوو، لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە شێوازی مامەڵەی یەکلاکەرەوەی  باوان بە پلەی یەکەم و دەسەڵاتخوازی بە پلەی ناوەند و نەرمی بە پلەی کۆتایی دێت و سەبارەت بە پەیوەندی نێوانیان، ئەوا شێوازی مامەڵەی یەکلاکەرەوەی باوان بە پلەی یەکەم ئاستی پاڵنەری دەستکەوتی ئەکادیمی بەرزدەکاتەوە و دەسەڵاتخوازی بە پلەی ناوەند و نەرمی بەپلەی نزم دێت لای خوێندکارانی کوڕ و کچی قۆناغی ئامادەیی لە (١٧) خوێندنگا لە قودس.

**محمد (٢٠٢٠)**

بە ناونیشانی "پەیوەندی لە نێوان شێوازەکانی مامەڵەی باوان وەك ئەوەی منداڵان هەستی پێدەکەن و بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندکارانی ئامادەیی".

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی شێوازەکانی مامەڵەی باوان وەك ئەوەی منداڵان هەستی پێدەکەن و بیرکردنەوەی داهێنەران و دەستنیشانکردنی شێوازەکانی مامەڵەی باوان وەك ئەوەی منداڵ هەستی پێدەکەن و بیرکردنەوەی داهێنەرانە  بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لای خوێندکارانی ئامادەیی لە پارێزگای جیزە، توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، سامپڵی توێژینەوەکەی بریتیبوو لە (٢١٠) خوێندکاری ئامادەیی لە بەڕێوەبەرایەتی (٦ی تشرینی یەکەم) لە پارێزگای جیزە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠)، توێژەر پێوانەی شێوازەکانی مامەڵەی باوان و بیرکردنەوەی داهێنەرانەی بەکارهێناوە، بێ ئاماژەدان بە سەرچاوەی وەرگرتن و ژمارەی بڕگەکانیان، لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە  پەیوەندیەکی گرنگ هەیە لە نێوان شێوازی مامەڵەی باوان وەك ئەوەی منداڵ هەستی پێدەکەن و بیرکردنەوەی داهێنەرانە، کە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێدایە لای خوێندکارانی ئامادەیی لە بەڕێوەبەرایەتی (٦ی تشرینی یەکەم) لە پارێزگای جیزە.

## ٥. ڕێبازەکانی توێژینەوەکە:

**میتۆدی توێژینەوەکە:** بریتییە لە میتۆدی وەسفی پەیوەستی (پەیوەندی).

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە سەرجەم خوێندکارانی قۆناغی (١٢) دوانزدەیەمی  (زانستی ، وێژەیی) لە هەردوو ڕەگەزی (نێر ، مێ) لە خوێندنگا ئامادەییە حکومییەکانی ڕۆژئاوای شاری کۆیە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢ز)، بە پێی ئەو ئامارە فەرمییەی توێژەر لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەیی کۆیەی وەرگرتووە، بریتییە لە (٩٥٢) خوێندکار لەو ژمارەیەش خوێندکارانی قۆناغی (١٢) دوانزدەیەمی ئامادەییەکانی کوڕان بریتییە لە (٣٨١) خوێندکار، کە لقی زانستی (٢٥٦) خوێندکارە و لقی وێژەیی (١٢٥) خوێندکارە، ژمارەی خوێندکارانی قۆناغی (١٢) دوانزدەیەمی ئامادەییەکانی کچان بریتییە لە (٥٧١) خوێندکار، کە لقی زانستی (٤٢٩) خوێندکارە و لقی وێژەیی (١٤٢) خوێندکارە. هەروەك لەخشتەی (١) خراوەتەڕو.

خشتەی١

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز و لقی خوێندن

| ناوی خوێندنگاکان | زانستی | | وێژەیی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | ژ | % |
| ئامادەیی کۆیەی کوڕان | ١٥ | - | ٢٥ | - | ٤٠ | %١٣ |
| ئامادەیی سامی عەودالّی کوڕان | ١٧ | - | ١٦ | - | ٣٣ | %١٠ |
| ئامادەیی هیوای کوڕان | ١٩ | - | - | - | ١٩ | %٦ |
| ئامادەیی هێڤیاری کوڕان | ٣٤ | - | - | - | ٣٤ | %١١ |
| ئامادەیی بەیداغی کچان | - | ٢٤ | - | ١٥ | ٣٩ | %١٢ |
| ئامادەیی چرۆی کچان | - | ٣٧ | - | - | ٣٧ | %١٢ |
| ئامادەیی سیابۆی کچان | - | ٨ | - | ١٥ | ٢٣ | %٧ |
| ئامادەیی کانی کچان | - | ١٢ | - | ١٧ | ٢٩ | %٩ |
| ئامادەیی کۆیەی کچان | - | ٦١ | - | - | ٦١ | %٢٠ |
| کۆی گشتی | ٨٥ | ١٤٢ | ٤١ | ٤٧ | ٣١٥ | % ١٠٠ |

**سامپڵی توێژینەوەکە:** توێژەر سامپڵێکی بەڕێژەی (٣٣%) لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەرگرت لەم هەنگاوەشدا بۆ ئەوەی سامپڵەکە بە تەواوەتی نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بکات بەڕێگەی هەڕەمەکی چینایەتی سامپڵەکەی وەرگرت. هەروەك لەخشتەی (٢) خراوەتەڕو.

خشتەی ٢

ژمارە و ڕێژەی ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە

| ناوی خوێندنگاکان | زانستی | | وێژەیی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | ژ | % |
| ئامادەیی کۆیەی کوڕان | ١٥ | - | ٢٥ | - | ٤٠ | %١٣ |
| ئامادەیی سامی عەودالّی کوڕان | ١٧ | - | ١٦ | - | ٣٣ | %١٠ |
| ئامادەیی هیوای کوڕان | ١٩ | - | - | - | ١٩ | %٦ |
| ئامادەیی هێڤیاری کوڕان | ٣٤ | - | - | - | ٣٤ | %١١ |
| ئامادەیی بەیداغی کچان | - | ٢٤ | - | ١٥ | ٣٩ | %١٢ |
| ئامادەیی چرۆی کچان | - | ٣٧ | - | - | ٣٧ | %١٢ |
| ئامادەیی سیابۆی کچان | - | ٨ | - | ١٥ | ٢٣ | %٧ |
| ئامادەیی کانی کچان | - | ١٢ | - | ١٧ | ٢٩ | %٩ |
| ئامادەیی کۆیەی کچان | - | ٦١ | - | - | ٦١ | %٢٠ |
| کۆی گشتی | ٨٥ | ١٤٢ | ٤١ | ٤٧ | ٣١٥ % ١٠٠ | |

**ئامرازەکانی توێژینەوەکە:** لەبەر نەبونی پێوەرێکی گونجاو لە کۆمەڵگەی کوردی بۆ (هۆشیاری ئاکاری) توێژەر بەرەو ڕاپرسی کراوە ئاڕاستەی گرت ، لەگەڵ گەڕانەوە بۆ تیۆر و توێژینەوەکانی پێشو، بۆ ( شێوازی مامەڵەی باوان) توێژەر پێوانەی (جەبار، ٢٠١٦)ی بە کوردی دەست کەوت و بەکاری هێنا.

**پێوەری هۆشیاری ئاکاری**

**ڕاستگۆیی**

ڕاستگۆیی بریتییە لە توانای ئامرازی توێژینەوە بۆ پێوانەکردنی ئەو دیاردەیەی، کە بانگەشەی پێوانەکردنی بۆ دەکات (بۆکانی، ٢٠٢٠، ١٥٣).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp24-37

توێژەر راستكۆیی رواڵەتی و راستكۆیی بونیادنانی ئەنجامدا، بۆ دەهێنانی راستكۆیی رواڵەتی پێوەرەكەی دا بە (١٢) شارەزایی بواری پەروەردە و دەروونزانی، دوای گەرانەوەی پێوەرەكە، كە رێژەی رێكەوتن (٨٦.٥%) بوو لەئەنجامدا لە كۆی (37) برگە (33) برگە مایەوە، توێژەر راستكۆیی بونیادنانی ئەنجامدا لە ئەنجامدا (٤) برگە لابراو (٢٩) برگە مایەوە.

**جێگیری**

چەمكی جێگیری بەو واتایە دێت، كە ئامرازەكە هەمیشە بتوانێت هەمان ئەنجام بەدیبهێنێت ئەگەر دوجار بەسەر هەمان گروپدا جێبەجێبكرێتەوە (بۆكانی، ٢٠٢٠، ١٥٦).

توێژەر بۆ دەهێنانی جێگیری پێوەرەكەی چەند رێگایەكی بەكارهێنا:

**رێگەی دوبارە تاقیكردنەوە**

باوترین رێگەی دەرهێنانی جێگیری پێوەر رێگەی دووبارە تاقیكردنەوەی پێوەرە بەسەر سامپڵێكی بچوكی كۆمەڵگەی توێژینەوەكە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی دو ئەنجام دواتر دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوانیاندا، پێوەری گونجاویش ئەو پێوەرەیە كە لە ماوەی نێوان دوو هەفتە بۆ سێ هەفتەدا لە نێوان دو ئەنجامی پراكتیزەدا هاوكێشەیەكی پەیوەندی بەهێزی هەبێت (دیلویی، ٢٠٠٦، ١٦٦).

بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەری (هۆشیاری ئاكاری) توێژەر رێگەی دوبارە تاقیكردنەوەی بەكارهێنا، جێبەجێكردنی پێوەرەكە بەسەر (٤٠) خوێندكار لە هەردو رەگەزی (نێر، مێ) لە لقی (زانستی، وێژەیی) لە كۆمەڵگەی توێژینەوەكە، لە ماوەی نێوان (١٦) رۆژدا دوجار وەڵامی پرسیارەكانی پێوەرەكەیان دایەوە، لە رێگەی هاوكۆلكەی پەیوەندی (Sperman) وە، رادەی پەیوەستبونی هەردو تاقیكردنەوەكە دەركەوت بەهای جێگیری پێوەرەكە بریتییە لە (٨٩،٥%) ئەمەش مانای ئەوەیە بەهای جێگیری لە ئاستێكی بەرزدایە و گونجاوە بۆ جێبەجێكردن، هەروەك (سمارة واخرون) ئاماژەیان پێكردووە كە (لە ٠،٧٥ بە سەرەوە جێگیریەكی بەرزە، لە ٠،٥٠ بۆ ٠،٧٤ جێگیریەكی پەسندكراوە، لە ٠،٤٩ و كەمتر وەرناگیرێت) (سمارة واخرون، ٢٠٠٠، ١١٤).

**رێگەی ئەلفا كرۆنباخ:**

بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەری (هۆشیاریی ئاكاری) توێژەر رێگەی ئەلفا كرۆنباخی بەكارهێنا لە رێگەی هەگبەی ئاماری (spss)وە، دەركەوت بەهای جێگیری پێوەرەكە بریتییە لە (٨١%) ئەمەش مانای ئەوەیە بەهای جێگیری لە ئاستێكی بەرزدایە و گونجاوە بۆ جێبەجێكردن.

**پێوەری شێوازی مامەڵەی باوان**

**راستكۆیی**

توێژەر راستكۆیی رواڵەتی و راستكۆیی بونیادنانی ئەنجامدا، بۆ دەهێنانی راستكۆیی رواڵەتی پێوەرەكەی دا بە (١٢) شارەزایی بواری پەروەردە و دەروونزانی، دوای گەرانەوەی پێوەرەكە، كە رێژەی رێكەوتن (٧٦%) بوو لەئەنجامدا لە كۆی (٦٢) برگە (٥٩) برگە مایەوە، توێژەر راستكۆیی بونیادنانی ئەنجامدا لە ئەنجامدا (٣) برگە لابراو (٥٦) برگە مایەوە.

**جێگیری:** توێژەر بۆ دەهێنانی جێگیری پێوەرەكەی چەند رێگایەكی بەكارهێنا:

**رێگەی دوبارە تاقیكردنەوە**

بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەری (شێوازی مامەڵەی باوان) توێژەر رێگەی دوبارە تاقیكردنەوەی بەكارهێنا، جێبەجێكردنی پێوەرەكە دوجار بەسەر (٤٠) خوێندكار لە هەردو رەگەزی (نێر، مێ) لە لقی (زانستی، وێژەیی) لە كۆمەڵگەی توێژینەوەكە، كە ماوەی نێوان ئەنجامدانی یەكەم و دووەم (١٦) رۆژ بوو، لە رێگەی هاوكۆلكەی پەیوەندی (sperman)وە، رادەی پەیوەستبونی هەردو تاقیكردنەوەكە دەركەوت بەهای جێگیری پێوەرەكە بریتییە لە (٦،٩٢%) ئەمەش مانای ئەوەیە بەهای جێگیری لە ئاستێكی بەرزدایە و گونجاوە بۆ جێبەجێكردن.

**رێگەی ئەلفا كرۆنباخ**

بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەری (هۆشیاری ئاكاری) توێژەر رێگەی ئەلفا كرۆنباخی بەكارهێنا لە رێگەی هەگبەی ئاماری (spss)وە، دەركەوت بەهای جێگیری پێوەرەكە بریتییە لە (٩٢%) ئەمەش مانای ئەوەیە بەهای جێگیری لە ئاستێكی بەرزدایە و گونجاوە بۆ جێبەجێكردن.

**جێبەجێكردنی ئامرازی توێژینەوەكە**

دوای دڵنیابون لە دروستی پێوەرەكانی توێژینەوەكەی توێژەر دەستی كرد بە جێبەجێكردنی بەسەر سامپڵی بنەڕەتی توێژینەوەكەی، كە پێكهاتبون لە خوێندكارانی ئامادەییەكانی شاری كۆیە پۆلی(١٢) دوانزەیەم، كە ژمارەیان(٣١٥) خوێندكار بوو، لە رەگەزی (نێر، مێ)، لقی خوێندنی (زانستی، وێژەیی).

**چارەسەری ئاماریی زانیارییەكان**

توێژەر پرۆگرامی پاكێجی ئاماریی زانستە كۆمەڵایەتییەكان (spss)ی بەكارهێناوە بۆ چارەسەری ئاماری زانیارییەكانی توێژینەوەكە و هێزی تایبەتی برگەكانی پێوەر و شیكردنەوەی تایبەت بە دەرئەنجامەكان (ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، دووبارەتاقیكردنەوە، ئەلفاكرۆنباخ، تێستی تائی بۆ یەك نموونە، تێستی تائی بۆ دوو نموونە، هاوكۆلكە پەیوەندی پێرسۆن، شیكاری جیاوازی یەك ئاراستە).

**خستنەرووی ئەنجامەكانی توێژینەوەكە و شیكردنەوەیان**

دوا بە دوای هەنگاو و رێكارییە زانستییەكان و چارەسەری ئاماری داتاو زانیارییەكان، لەم بەشەدا ئەنجامەكانی توێژینەوەكە بەپێی ریزبەندی ئامانجەكان خراوەتەرو:

**ئامانجی ١ : زانینی ئاستی هۆشیاریی ئاكاری لای خوێندكارانی ئامادەییەكانی شاری كۆیە:** بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە تاقیكردنەوەی (T) بۆ یەك سامپڵ (One Samples T-test) بەكارهێنرا، ئەنجامەكە لە خشتەی (٣) خراوەتەڕو.

خشتەی ٣

زانینی ئاستی هۆشیاریی ئاكاری

| هۆشیاریی ئاكاری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای T هەژماركراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| | ١٢٣.٠٣ | ١٢.٤٤٥ | ٨٧ | ٥١.٣٨٣ | ٠.٠٠٠ |

بەهای (T) خشتەیی بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) و نمری ئازادی (٣١٣)= ١.٩٦

دوای دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی و ناوەندی ژمێرەیی هەژماركراو لای ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەكە و پاشان بەراوردكردنیان، لە ئەنجامدا دەركەوت، كە ناوەندی ژمێرەیی هەژماركراو بریتییە لە (١٢٣.٠٣) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی كە بریتیبوو لە (٨٧)، ئەمەش ئەوە دەردەخات، كە ئاستی هۆشیاریی ئاكاری لای سامپڵی توێژینەوەكە لە ئاستێكی بەرزدایە، بە بۆچونی توێژەر سەرەڕای هەبونی هۆكاری زۆر و ئاسان لە بەردەم خوێندكاران بۆ لادانی ئاكاری و نەهێشتنی هۆشیاریی ئاكاریان بەڵام هۆشیاریی ئاكاری لای خوێندكاران جێی دڵخۆشییە بۆ خێزان و كۆمەڵگەكەمان، ئەم دەرئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەكانی (محمد

وعبد ٢٠١٧)، (عمر، ٢٠١٩)، (العبيدي والشجيري، ٢٠٢١)ه.

**ئامانجی ٢ : زانینی هۆشیاریی ئاکاری لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە بەپێی گۆڕاوەکانی: ڕەگەز (نێر، مێ)، لقی خوێندن (زانستی، وێژەیی)، داهاتی مانگانەی خێزان (خراپ، ناوەند، باش):**

أ. **جیاوازی هۆشیاریی ئاکاری لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ):** بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە تاقیکردنەوەی (T) بۆ دو سامپڵ (Independent Samples T-test) بەکارهێنرا، ئەنجامەکە لە خشتەی (٤) خراوەتەڕوو.

خشتەی ٤

هۆشیاریی ئاکاری بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| گۆڕاو | نێر | | مێ | | بەهای T | ئاستی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هەژمارکراو | بەڵگەداری |
| هۆشیاریی ئاکاری | ١٢٢.٩٩ | ١٣.٢٩ | ١٢٣.٠٥ | ١١.٨٨ | -٠.٠٤٦ | ٠.٩٦٣ |

بەهای (T) خشتەیی بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) و نمری ئازادی (٣١٣)= ١.٩٦

لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، کە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی لە ئاستی هۆشیاریی ئاکاریدا لەلای خوێندکاران نییە، ئەمەش مانای وایە جیاوازی ڕەگەز هیچ کاریگەریەکی لەسەر هۆشیاریی ئاکاری خوێندکاران نییە، بە بۆچونی توێژەر نەبونی جیاوازی لە ئاستی هۆشیاریی ئاکاری بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز هۆکارەکەی ئەوەیە، کە کۆمەڵگە جیاوازیەکی ئەوتۆی دروستنەکردووە بۆ بونی هۆشیاریی ئاکاری لای هەردو ڕەگەز یان خێزان بە جیا هەل و دەرفەتی هۆشیاریی ئاکاری نەڕەخساندووە تابێتە هۆی دروستبونی جیاوازی لە ئاستی هۆشیاریی ئاکاریاندا، بەو مانایەی ژینگەی هەردو ڕەگەز جیاوازی ئەوتۆیان لە نێواندا نییە، تا ببێتە هۆی جیاوازی لە ئاستی هۆشیاریی ئاکارییان.

أ. **جیاوازی هۆشیاریی ئاکاری لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە بەپێی گۆڕاوی لقی خوێندن (زانستی، وێژەیی):** بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە تاقیکردنەوەی (T) بۆ دو سامپڵ (Independent Samples T-test) بەکارهێنرا، ئەنجامەکە لە خشتەی (٥) خراوەتەڕو.

خشتەی ٥

هۆشیاریی ئاکاری بەپێی گۆڕاوی لقی خوێندن

| گۆڕاو | زانستی | | وێژەیی | | بەهای T | ئاستی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هەژمارکراو | بەڵگەداری |
| هۆشیاریی ئاکاری | ١٢٢.٢٩ | ١٣.٤٦ | ١٢٤.٩٣٥ | ٩.١ | -١.٦٩٢ | ٠.٠٩٢ |

بەهای (T) خشتەیی بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) و نمری ئازادی (٣١٣)= ١.

لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، کە بەپێی گۆڕاوی لقی خوێندن جیاوازی لە ئاستی هۆشیاریی ئاکاریدا لەلای خوێندکاران نییە، ئەمەش مانای وایە جیاوازی نییە لە نێوان خوێندکاران بۆ ئاستی هۆشیاریی ئاکاری بەپێی گۆڕاوی لقی خوێندن، بە بۆچونی توێژەر نەبونی جیاوازی لە ئاستی هۆشیاریی ئاکاری بە پێی گۆڕاوی لقی خوێندن هۆکارەکەی ئەوەیە، کە ژینگە و کەشی خوێندنگا کاریگەرییەکەی تەنها بۆ لایەنی فێربونە بە جۆرێك نەبووە، کە ببێتە هۆی دەرخستنی جیاوازی لە نێوان خوێندکاران یان دەرفەتی بەرەو پێشچونی بۆ نەرەخساندون بە جۆرێك لەگەڵ بەرەو پێشچونی تەمەن و گەشەی ئەقڵی، هۆشیاریی ئاکاریان گەشە بکات و پەرەبسێنێت و جیاوازییە تاکیەکانیان دەربخات، ئەمەش بەهۆی کەمی گرنگیدان بە لایەنی ڕێنمایی و پەروەردە و نەڕەخساندنی دەرفەتی گونجاوەوە بووە.

**ج. جیاوازی هۆشیاریی ئاکاری لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە بەپێی گۆڕاوی داهاتی مانگانەی خێزان (خراپ، ناوەند، باش):** بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان خوێندکاران بەپێی گۆڕاوی داهاتی مانگانە شیکاری جیاوازی یەك ئاڕاستە (One-Way Anova)بەکارهێنرا، ئەنجامەکەی لە خشتەی (٦) خراوەتەڕو.

خشتەی ٦

هۆشیاریی ئاکاری بەپێی گۆڕاوی داهاتی مانگانەی خێزان

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاواز | کۆی ناوەندە ژمێرەیی | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەندە ژمێرەیی | بەهای F | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هۆشیاریی ئاکاری | لە نێوان کۆمەڵەکان | ١٣٤.١٤١ | ٢ | ٦٧.٠٧١ | ٠.٤٣١ | ٠.٦٥٠ |
| | لە ناو کۆمەڵەکان | ٤٨٥٠٣.٥٤١ | ٣١٢ | ١٥٥.٤٦٠ | | |
| | کۆی گشتی | ٤٨٦٣٧.٦٨٣ | ٣١٤ | - | | |

وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت لە ئەنجامی شیکردنەوەکەدا بەپێی گۆڕاوی داهاتی مانگانەی خێزان جیازییەکان لە نێوان داهاتەکانی مانگانەی خێزان لە ئاستی بەڵگەداریدا نییە، ئەمەش مانای وایە جیاوازی نییە لە نێوان خوێندکاران بۆ ئاستی هۆشیاریی ئاکاری بەپێی گۆڕاوی داهاتی مانگانەی خێزان، بە بۆچونی توێژەر کۆمەڵگە بە چاوێکی ڕێزەوە لە ئاکار و هۆشیاریی ئاکاری دەڕوانێت ئەمە وایکردوە، کە خوێندکاران سەرەڕای جیاوازی لە داهاتی خێزانەییان جیاوازییان نەبێت لە ئاستی هۆشیاریی ئاکاری بۆ ڕەزامەندی کۆمەڵگە و خێزان و چواردەوریان.

**ئامانجی ٣ : زانینی شێوازی مامەڵەی باوان لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە:** بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە تاقیکردنەوەی (T) بۆ یەك سامپڵ (One Samples T-test)بەکارهێنرا، ئەنجامەکە لە خشتەی (٧) خراوەتەڕو.

خشتەی ٧

زانینی ئاستی شێوازی مامەڵەی باوان

| شێوازی مامەڵەی باوان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای T هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| توندوتیژی | ٥٨.١٨٧ | ٨.٤٤١ | ٤٨ | ٢١.٤١٨ | ٠.٠٠٠ |
| هەماهەنگی | ٦١.٠٦٦ | ١٠.٦٦٨ | ٤٨ | ٢١.٧٣٨ | ٠.٠٠٠ |
| زاڵبون | ٤٥.٤٠٣ | ٩.٧٠١ | ٤٢ | ٦.٢٢٦ | ٠.٠٠٠ |
| فەرامۆشکردن | ٤١.٢١٩ | ٦.٩٣٣ | ٣٠ | ٢٨.٧١٩ | ٠.٠٠٠ |
| کۆ گشتی | ٢٠٥.٨٧٦ | - | ١٦٨ | - | بەڵگەدارییە |

بەهای (T) خشتەیی بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) و نمری ئازادی (٣١٣)= ١.٩٦

وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت دوای دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی و ناوەندی ژمێرەیی هەژمارکراو لای ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە و پاشان بەراوردکردنیان بەگشتی، لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە ناوەندی ژمێرەیی هەژمارکراو بریتییە لە (٢٠٥.٨٧٦) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی، کە بریتیبوو لە (١٦٨)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئاستی شێوازی مامەڵەی باوان لەلای ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە لە ئاستێکی بەرزدایە، بە بۆچونی توێژەر ئەم ئاستە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە باوان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ منداڵەکانیان پابەندی یەك

شێوازی مامەڵەکردن نین و هەر جارەو شێوازێك بەکاردەهێنن بەپێی بارودۆخ و هەڵسوکەوتی منداڵەکانیان، لەگەڵ ئەوەی هەمو شێوازەکان لەلایەن باوانەوە پەیڕەودەکرێت بەڵام شێوازی هەماهەنگی لە هەمویان زیاتر پەیڕەو دەکرێت و بەکاردەهێنرێت لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ خوێندکارەکانیان ئەمەش جێگای دڵخۆشییە، ئەم دەرئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (بکري، ٢٠١٩).

**ئامانجی ٤ : زانینی شێوازی مامەڵەی باوان لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە بەپێی گۆڕاوەکانی: ڕەگەز (نێر، مێ)، لقی خوێندن (زانستی، وێژەیی)، داهاتی مانگانەی خێزان (خراپ، ناوەند، باش):**

**جیاوازی شێوازی مامەڵەی باوان لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە بەپێی گۆڕاوەی ڕەگەز (نێر، مێ):** بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە تاقیکردنەوەی (T) بۆ دو سامپڵ (Independent Samples T-test) بەکارهێنرا، ئەنجامەکە لە خشتەی (٨) خراوەتەڕو.

خشتەی ٨

شێوازی مامەڵەی باوان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| گۆڕاوەکان | نێر | | مێ | | بەهای T هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| شێوازی توندوتیژی | ٥٥.٦٢٧ | ٩.٤٦٥ | ٥٩.٨٩٤ | ٧.٢١١ | -٤.٥٣٠ | ٠.٠٠١ |
| شێوازی هەماهەنگی | ٥٩.٨٧٣ | ١١.١٣١ | ٦١.٨٦٢ | ١٠.٣ | -١.٦٢٦ | ٠.١٠٥ |
| شێوازی زاڵبون | ٤٤.٣٠٩ | ١٠.٠٩١ | ٤٦.١٣٢ | ٩.٣٨٨ | -١.٦٣٨ | ٠.١٠٢ |
| شێوازی فەرامۆشکردن | ٤٠.٤٩٢ | ٠.٦٦ | ٤١.٧٠٣ | ٠.٤٧٧ | ١.٥٢٣ | ٠.١٢٩ |

بەهای (T) خشتەیي بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) و نمری ئازادی (٣١٣)= ١.٩٦

لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، کە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی لە شێوازی (توندوتیژی) لەلای خوێندکاران هەیە، جیاوازیەکەش بەڵگەداری ئامارییە، ئەمەش مانای وایە جیاوازی ڕەگەز کاریگەری لەسەر شێوازی مامەڵەی توندوتیژی باوان لەلای خوێندکاران هەیە، جیاوازیەکەش بەلای ڕەگەزی مێدایە واتا ڕەگەزی مێ زیاتر شێوازی مامەڵەی توندوتیژیان بەرامبەر بەکاردەهێنرێت، بە بۆچونی توێژەر هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ڕەگەزی مێ بێهێز و شەرمنترن بەرامبەر بە باوانیان، ئەمەش وایکردوە باوان زیاتر شێوازی توندوتیژی بەرامبەریان پەیڕەوبکەن زیاتر لە شێوازەکانی تر، دابونەریتی کۆمەڵگەش هۆکارێکی تری ئەم ئەنجامەیە، بەڵام جیاوازی لە شێوازەکانی (هەماهەنگی، زاڵبون، فەرامۆشکردن) لەلای خوێندکاران نییە، ئەمەش مانای وایە جیاوازی ڕەگەز کاریگەری لەسەر شێوازی مامەڵەی (هەماهەنگی، زاڵبون، فەرامۆشکردن)ی باوان لەلای خوێندکاران نییە، بە بۆچونی توێژەر هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگە چۆنیەکەی، کە هەردو ڕەگەز تێیدا دەژین لەگەڵ داواکارییە چۆنیەکەکانیان، ئەم دەرئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (محمد وعبد، ٢٠١٧).

أ. **جیاوازی شێوازی مامەڵەی باوان لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە بەپێی گۆڕاوەی لقی خوێندن (زانستی، وێژەیی):** بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە تاقیکردنەوەی (T) بۆ دو سامپڵ (Independent Samples T-test) بەکارهێنرا، ئەنجامەکە لە خشتەی (٩) خراوەتەڕو.

خشتەی ٩

شێوازی مامەڵەی باوان بەپێی گۆڕاوی لقی خوێندن

| گۆڕاوەکان | زانستی | | وێژەیی | | بەهای T هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| شێوازی توندوتیژی | ٥٧.٩٨٦ | ٨.٧٢٦ | ٥٨.٧٠٤ | ٧.٦٨٢ | -٠.٦٧٧ | ٠.٤٩٩ |
| شێوازی هەماهەنگی | ٦١.٣٥٦ | ١٠.٦٦٢ | ٦٠.٣١٨ | ١٠.٧٠٧ | ٠.٧٧٥ | ٠.٤٣٩ |
| شێوازی زاڵبون | ٤٥.٨٨٥ | ٩.٧٩٣ | ٤٤.١٥٩ | ٩.٤ | ١.٤١٩ | ٠.١٥٧ |
| شێوازی فەرامۆشکردن | ٤١.٣٦١ | ٧ | ٤٠.٨٥٢ | ٦.٧٦١ | ٠.٥٨٤ | ٠.٥٦٠ |

بەهای (T) خشتەیي بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) و نمری ئازادی (٣١٣)= ١.٩٦

لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، کە بەپێی گۆڕاوی لقی خوێندن جیاوازی لە شێوازی مامەڵەی باوان لەلای خوێندکاران نییە، ئەمەش مانای وایە جیاوازی لقی خوێندن کاریگەری لەسەر شێوازی مامەڵەی باوان لەلای خوێندکاران نییە، واتا ئەو خوێندکارانەی لە لقی زانستی یان وێژەی دەخوێنن جیاوازیان نییە لە پەیڕەوکردنی شێوازی مامەڵەی باوان (توندوتیری، هەماهەنگی، زاڵبون، فەرامۆشکردن) لەگەڵیاندا، بە بۆچونی توێژەر هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی هۆشیاریی پەروەردەیی و پیشەیی باوان سەبارەت بە دیاریکردنی لقی خوێندنیان و گرنگی نەدان و گفتوگۆ نەکردن لەگەڵ خوێندکارەکانیان سەبارەت بە ئایندەیان.

**ج. جیاوازی شێوازی مامەڵەی باوان لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە بەپێی گۆڕاوەی داهاتی مانگانەی خێزان (خراپ، ناوەند، باش):** بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان خوێندکاران بەپێی گۆڕاوی داهاتی مانگانە شیکاری جیاوازی یەك ئاڕاستە (One-Way Anova) بەکارهێنرا، ئەنجامەکەی لە خشتەی (١٠) خراوەتەڕو.

خشتەی ١٠

شێوازی مامەڵەی باوان بەپێی گۆڕاوی داهاتی مانگانەی خێزان

| بوارەکان | سەرچاوەی جیاواز | کۆی ناوەندە ژمێرەیی | نمرەی ئازاد | دووجای ناوەندە ژمێرەیی | بەهای F | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| شێوازی توندوتیژی | لە نێوان کۆمەڵەکان | ١٤٢٤.٢٧٢ | ٢ | ٧١٢.١٣٦ | ١٠.٦٠٥ | ٠.٠٠٠ |
| | لە ناو کۆمەڵەکان | ٢٠٩٥١.٦٧٧ | ٣١٢ | ٦٧.١٥٣ | | |
| | کۆی گشتی | ٢٢٣٧٥.٩٤٩ | ٣١٤ | - | | |
| شێوازی هەماهەنگی | لە نێوان کۆمەڵەکان | ٢٨٥١.٥٨٨ | ٢ | ١٤٢٥.٧٩٤ | ١٣.٥٢٧ | ٠.٠٠٠ |
| | لە ناو کۆمەڵەکان | ٣٢٨٨٦.٦٠٠ | ٣١٢ | ١٠٥.٤٠٤ | | |
| | کۆی گشتی | ٣٥٧٣٧.٦٠٠ | ٣١٤ | - | | |
| شێوازی زاڵبون | لە نێوان کۆمەڵەکان | ٢٩٤٦.١٨٢ | ٢ | ١٤٧٣.٠٩١ | ١٧.٢٧٥ | ٠.٠٠٠ |
| | لە ناو کۆمەڵەکان | ٢٦٦٠٥.٦١٥ | ٣١٢ | ٨٥.٢٧٤ | | |
| | کۆی گشتی | ٢٩٥٥١.٧٩٧ | ٣١٤ | - | | |
| شێوازی فەرامۆشکردن | لە نێوان کۆمەڵەکان | ١٤٠١.١٨٩ | ٢ | ٧٠٠.٥٩٥ | ١٥.٩٦٤ | ٠.٠٠٠ |
| | لە ناو کۆمەڵەکان | ١٣٦٩٢.٦٩٦ | ٣١٢ | ٤٣.٨٨٧ | | |
| | کۆی گشتی | ١٥٠٩٣.٨٨٦ | ٣١٤ | - | | |

وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت لە ئەنجامی شیکردنەوەکەدا بەپێی گۆڕاوی داهاتی مانگانەی خێزان جیازییەکان لە نێوان داهاتەکانی مانگانەی خێزان لە ئاستی

بەڵگەداریدایە، ئەمەش مانای وایە جیاوازی هەیە لە نێوان خوێندکاران بۆ ئاستی شێوازی مامەڵەی باوان بەپێی گۆڕاوی داهاتی مانگانەی خێزان.

هەروەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت ئەو خوێندکارانەی خێزانەکانیان داهاتی مانگانەیان (باش)ە باوانیان بە پلەی یەکەم شێوازی (هەماهەنگی) پەیڕەودەکەن و بە پلەی دووەم شێوازی (زاڵبون) پەیڕەودەکەن، بە بۆچونی توێژەر هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی باوان لەلایەنی مادییەوە کێشەیان نییە خواستەکانی خوێندکاران دابین دەکەن و هەماهەنگ دەبن لە دابینکردنی داواکارییەکانیان ئەمەش وا دەکات باوان بتوانن زاڵبن بەسەر خوێندکارەکانیان و ژێردەستەی خۆیانیان بکەن.

هەروەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت ئەو خوێندکارانەی خێزانەکانیان داهاتی مانگانەیان (ناوەند)ە باوانیان بە پلەی یەکەم شێوازی (زاڵبون) پەیڕەودەکەن و بە پلەی دووەم شێوازی (هەماهەنگی) و بە پلەی سێیەم شێوازی (فەرامۆشکردن) و بە پلەی چوارەم شێوازی (توندوتیژی) پەیڕەودەکەن، بە بۆچونی توێژەر هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە باوان داهاتیان دیاریکراوە هەوڵدەدەن زاڵبن بەسەر خوێندکارەکانیان و کۆنترۆڵیان بکەن تا خواست و داواکاری زۆریان نەبێت و زیادەڕۆی لە خەرجکردندا نەکەن و بەپێی داهات بە هەماهەنگی و ڕەزامەندی هەردولا خواست و داواکارییەکانیان دابینبکەن، هەندێکجار خوێندکاران گوێ بە سنوری دیاریکراوی داهات نادەن بەردەوام خواست و داواکاری نوێیان دەبێت لەم حاڵەتەدا باوان شێوازی فەرامۆشکردن پەیڕەو دەکەن ئەگەر هەر بەردەوام بن و واز لە داواکارییەکانیان نەهێنن ئەوا باوان شێوازی توندوتیژی دەگرێتەبەر.

هەروەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت ئەو خوێندکارانەی خێزانەکانیان داهاتی مانگانەیان (خراپ)ە باوانیان بە پلەی یەکەم شێوازی (توندوتیژی) پەیڕەودەکەن و بە پلەی دووەم شێوازی (فەرامۆشکردن) و بە پلەی سێیەم شێوازی (زاڵبون) پەیڕەودەکەن، بە بۆچونی توێژەر هۆکاری پەیڕەوکردنی شێوازی توندوتیژی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فشارە دەرونی و کۆمەڵایەتییەی باوان لە سەریانە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان و ئەو داواکاریانەی کە خوێندکاران هەیانە بێگوێدانە داهاتی خێزانیان، هەروەها پەیڕەوکردنی شێوازی فەرامۆشکردنیش دەگەڕێتەوە بۆ پێنەدانی کات بە خوێندکارەکانیان لەبەر بەردەوامی ئیشوکار و پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانە و شەوانیش زووخەوتن لەبەر هیلاکی و ماندویتی و هەندێك کاتیش ئیشوکاری دووەم، هەندێکجار باوان شێوازی زاڵبون پەیڕەودەکەن بە چاوسورکردنەوە و چەوسانەوەی خوێندکارانیان لە دابین نەکردنی داواکاری و خواست و پێداویستییەکانیان.

**ئامانجی ٥ : زانینی پەیوەندی نێوان هۆشیاریی ئاکاری و شێوازی مامەڵەی باوان لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە:** بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان هۆشیاریی ئاکاری و شێوازی مامەڵەی باوان هاوکۆلکەی پەیوەستی (پەیوەندی) (sperman)بەکارهێنرا، توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندی لە نێوان (هۆشیاریی ئاکاری و شێوازی مامەڵەی باوان) لەلای خوێندکاران هەیە، هەروەك لە خشتەی (١١) خراونەتەڕو.

خشتەی ١١

پەیوەندی نێوان هۆشیاریی ئاکاری و شێوازی مامەڵەی باوان

| گۆڕاوەکان | هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|
| هۆشیاریی ئاکاری × شێوازی مامەڵەی باوان | ٠.٢٤٦ | ٠.٠٠٠ |

وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت پەیوەندی نێوان (هۆشیاریی ئاکاری و شێوازی مامەڵەی باوان) پەیوەندییەکی ئەرێنییە و بەڵگەداری ئامارییە، واتا پەیوەندی لە نێوان هۆشیاریی ئاکاری و شێوازی مامەڵەی باوان هەیە، پەیوەندییەکەش پەیوەندیەکی ڕاستەوانەیە، واتا هەتا ئاستی هۆشیاریی ئاکاری بەرزبێتەوە شێوازی مامەڵەی باوانیش بەرز دەبێتەوە، وە بەپێچەوانەشەوە هەتا ئاستی هۆشیاریی ئاکاری نزم بێتەوە شێوازی مامەڵەی باوانیش نزم دەبێتەوە، بە بۆچونی توێژەر ئەم پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هۆشیاریی ئاکاری هەستی بەرپرسیاری و ویژدان زیندوی دروستدەکات و دەبێتە هۆی گرنگیدانی زیاتر بە خوێندکاران و پەیڕەوکردنی شێوازی مامەڵەکردنی ئەرێنییانە لای باوان، ئەم دەرئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکانی (العبيدي والشجيري، ٢٠٢١)، (محمد، ٢٠٢٠)ە.

## ٥. دەرئەنجامەکان

دوای شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان و خستنەڕوی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر بەم دەرئەنجامانە گەیشتووە کە بریتین لە:

١. ئاستی هۆشیاریی ئاکاری لەلای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە لە ئاستێکی بەرزدایە.

٢. جیاوازی ئاماریی لە ئاستی هۆشیاریی ئاکاری بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، لقی خوێندن، داهاتی مانگانەی خێزان) لە لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە لە ئاستی بەڵگەداریدا نییە.

٣. شێوازی مامەڵەی باوان لەلای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە لە ئاستێکی بەرزدایە.

٤. جیاوازی ئاماری لە شێوازی مامەڵەی باوان لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە بەپێی گۆڕاوەی ڕەگەز، بۆ شێوازی توندوتیژی هەیە و جیاوازەکەش بەڵگەداری ئامارییە و بەلای ڕەگەزی مێدایە، بەڵام بۆ شێوازی (هەماهەنگی، زاڵبون، فەرامۆشکردن) لە ئاستی بەڵگەداریدا نییە.

٥. جیاوازی ئاماری لە شێوازی مامەڵەی باوان لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە بەپێی گۆڕاوەی لقی خوێندن لە ئاستی بەڵگەداریدا نییە.

٦. جیاوازی ئاماری لە شێوازی مامەڵەی باوان لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە بەپێی گۆڕاوەی داهاتی مانگانەی خێزان هەیە و جیاوازەکەش بەڵگەداری ئامارییە.

٧. پەیوەندی هەیە لە نێوان ئاستی هۆشیاریی ئاکاری و شێوازی مامەڵەی باوان لە لای خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری کۆیە پەیوەندییەکەش پەیوەندییەکی ڕاستەوانەییە، واتا هەتاکو ئاستی هۆشیاری ئاکاری بەرز بێت شێوازی مامەڵەی باوانیش بەرز دەبێت وە بە پێچەوانەشەوە.

## ٦. ڕاسپاردەکان

لەدوای خستنەڕووی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر ئەم ڕاسپارانە دەخاتەڕو:

١. هاندان و هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران سەبارەت بە هۆشیاریی ئاکاری، دورخستنەوەیان لە ڕەفتار و خوڕەوشتی نائاکاری لە ڕێگەی سازدانی کۆڕ و سمینارەوە .

٢. هاندان و هۆشیارکردنەوەی باوان لەسەر بەکارهێنانی شێوازی مامەڵەی دروست لە ڕێگەی کاراکردنی پەیوەندی نێوان باوان و کارگێڕی خوێندنگا ئامادەییەکانەوە.

٣. هۆشیارکردنەوەی باوان لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە بۆ ئەوەی بتوانن مامەڵەیەکی

دروست لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن کە بگونجێت لەگەڵ ئەو قۆناغەی کە منداڵەکەی تێدایە.

## ٧. پێشنیازەکان

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر ئەم پێشنیازانە دەخاتەڕو:

١. ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ بەراوردکردنی هۆشیاریی ئاکاری لەلای خوێندکارانی ئامادەیی و دەرچووانی ئامادەیی واتا خوێندکارانی (زانکۆ، پەیمانگا)کان.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر گۆڕاوی هۆشیاریی ئاکاری و پەیوەندی بە گۆڕاوی تری وەك (ناوەندی کۆنترۆڵ، گونجانی دەرونی و کۆمەڵایەتی، ڕێزگرتنی خود، متمانە بەخۆبون، ئاستی هیوا).

٣. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر گۆڕاوی شێوازی مامەڵەی باوان و پەیوەندی بە گۆڕاوی وەك (هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی، دڵەڕاوکێی ئاینده، گونجانی دەرونی و کۆمەڵایەتی، گەشبینی و ڕەشبینی).

## ٨. لیستی سەرچاوەکان

الأوسي، انهار خليفة أحمد (٢٠١٠)، تطور الذكاء الأخلاقي وعلاقته بموقع الضبط لدى طلبة المرحلة الثانوية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة ديالى.

الأعرجي، إبراهيم مرتضى وخضير، عبد الخالق (٢٠١٧)، التعريف على الوعي الأخلاقي لدى طلبةجامعة ذي قار، كلية التربية للعلوم الإنسانية، جامعة ذي قار.

أبوزيد، حسن يوسف (٢٠٢٠)، الوعى الأخلاقى وعلاقه بالنضج الإنفعالى الاعبين، إنتاج علمى، مجلة أسيوط لعلوم وفنون التربية الرياضية، جامعة بنها، قاهيرة.

ابريعم، سامية (٢٠١٢)، إدراك الأبناء لأساليب المعاملة الوالدية و علاقتها بالأمن النفسي (دراسة ميدانية لدى عينة من طلاب المرحلة الثانوية)، أطروحة دكتوراه غير منشورة،كلية الانسانية والاجتماعية، جامعة بسكرة، الجزائر.

أحمد، فرحان (٢٠١٢)، أساليب المعاملة الوالدية (التقل – الرفض) كما يدركها الأبناء و علاقتها بالسلوك التوكيدى لدى تلاميذ التعليم الثانوي، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب والعلوم الإنسانية والإجتماعية، جامعة مولود معمريل تيزي وزو، الجزائر.

أبو سعد، ماهر محمد (٢٠٢١)، أساليب المعاملة الوالدية الشائعة وعلاقتها بالاغتراب النفسي لدى الأبناء المراهقين في المرحلة الأساسية العليا في محافظة القدس، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة القدس المفتوحة، فلسطين.

بركات، أسيا بنت على راجع (٢٠٠٠)، أساليب المعاملة الوالدية و الإكتئاب لدى بعض المراهقين والمراهقات المراجعين لمستشفى الصحة النفسية بالطائف، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة أم القرى، مكة المكرمة.

بۆکانی، سابیر (٢٠٢٠): میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا.

بكري، محمد نورالدين يوسف (٢٠١٩)،أساليب المعاملة الوالدية وعلاقتها بدافعية الإنجاز الأكاديمي لدى طلبة المرحلة الثانوية في القدس الشريف، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة القدس المفتوحة، فلسطين.

البرزنجي، معتصم عبدالكريم معروف (٢٠٠٥)، الأفكار التسلطية (الوسواسية) وعلاقتها بأساليب المعاملة الوالدية لدى طلبة المرحلة الإعدادية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة المستنصرية، بغداد.

تركي، مصطفى احمد (٢٠٠٠): العلاقة بين قوة الانا واليات الشخصية، مجلة دراسات نفسية ، المجلد العاشر، العدد الثاني، رابطة االخصائيين النفسيين المصريين.

جەبار، هێمن ئیسماعیل (٢٠١٦)، شێوازەکانی مامەڵەی دایك وباوك و پەیوەندییان بە نەرمی خودەوە لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە قەزای کفری، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان.

حنين، رشدي عبدة (١٩٨٣): دراسات وبحوث في المراهقة، دار المعريفة، الكويت.

حەمەد، یوسف عوسمان (٢٠٠٥): تیۆرییەکانی پەروەردە و فێربوون، چاپی یەکەم.

الخرسان، محمد صادق السيد محمد رضا (٢٠١٠): أخلاق إمام علي (على السلام)،ط١، دار المرتضى للطباعة والنشر والتوزيع، النجف الاشرف، العراق.

دريبين، أمينه (٢٠١١)، أساليب المعاملة الوالدية وعلاقتها بظهور الاكتئاب عند المراهقين، رسالة ماجستير غير منشورة، معهد العلوم الانسانية والاجتماعية، جامعة أكلي منحد، الجزائر.

دسوقي، كمال (١٩٧٩): النمو التربوي للطفل والمراهق، دار النهضة العربية، بيروت.

دافيدوف، ليندا، ل (١٩٨٣): مدخل علم النفس، ط٢، ترجمة سيد الطواب واخرون، الدار الدولية للنشر والتوزيع، القاهيرة.

ديلوبي، هيوا حاجى (٢٠٠٦): الاتجاهات التعصبية بين الجماعات العرقية، دراسة اجتماعية في اقليم كردستان العراق، مؤسسة موكريان للطباعة والنشر، أربيل.

راجح، أحمد عزت (١٩٨٥): أصول علم النفس، دارا المعارف، جامعة الاسكندرية.

رمضان، ماجد احياب (٢٠٠٥)، أساليب المعاملة الوالدية وعلاقتها بتحديد الميول المهنية لدى طلبة الصف السادس الإعدادي، أطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية التربية، جامعة البصرة.

الراوي، ميسون رشاد (٢٠٠٢)، أساليب المعاملة الوالدية وعلاقتها بالافكار اللاعقلانية لدى طلبة جامعة بغداد، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية/ ابن الهيثم، جامعة بغداد.

ربيع، محمد شحاته (١٩٨٦): التاريخ علم النفس ومدارسه، دار الصحوة للنشر والتوزيع، القاهرة.

زهران، حامد عبدالسلام (١٩٨٤): علم النفس الاجتماعي، ط٥، القاهيرة.

سكينر، ب.ف (١٩٨٠): تكنولوجيا السلوك الإنساني، ترجمة عبد القادر يوسف، عالم المعرفة ٣٢، الكويت.

سمارة، عزيز واخرون (٢٠٠٠): مبادىء القياس والتقويم في التربية، ط٢، دار الفكر للنشر، عمان.

الصنعاني، عبده سعيد محمد أحمد (2009)، العلاقة بين الاغتراب النفسي وأساليب المعاملة الوالدية لدى الطلبة المعاقين سمعيا في المرحلة الثانوية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية- جامعة تعز،اليمن.

صالح، قاسم حسين (١٩٨٧): الانسان من هو، منشورات دار الحكمة، جامعة بغداد.

صالح، مؤمن (٢٠٠٠): النمو الأخلاقي في المنظور المعرفي، مجلة العلوم التربوية والنفسية، عدد (٣٧)، كلية الاداب، جامعة بغداد.

الطهاوى، عماد الدين ابراهيم على محمد (٢٠٢٠)، أساليب المعاملة الوالدية وعلاقتها بالتوافق النفسي لدى الأبناء المراهقين من طلاب المرحلة الثانوية، المجلة المصرية للدراسات النفسية، العدد ١٠٩، المجلد الثلاثون، كلية البنات، جامعة عين شمس.

عمر، بشرى خطاب (٢٠١٩)، الوعي الأخلاقي وعلاقته بمرونة الأنا لدى طلبة الجامعة، إنتاج علمى، مركز البحوث النفسية، المجلد(٣١)، العدد(١)، كلية التربية للبنات، جامعة تكريت.

العبيدي، صباح مرشود منوخ والشجيري، عمر خلفرشيد (٢٠٢١)، حيويه الضمير وعلاقتها بالوعي الاخلاقي لدى طلبة الجامعة، إنتاج علمى، مركز البحوث النفسية، المجلد(٣٣)، العدد(١)، كلية التربية العلوم الانسانية، جامعة تكريت.

عسل، كاظمية محمد (٢٠١٤)، الوعي الأخلاقي وعلاقتة بالتسامح الاجتماعي لدى طالبات المرحلة الإعدادية المهجرات قسرا، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية، جامعة بغداد.

علي، محمد النوبي محمد (٢٠١٠): التنشيئة الاسرية وطموح الابناء العاديين وذوي الاحتياجات الخاصة، دار صفاء للنش والتوزيع، عمان.

الغداني، ناصر بن راشد بن محمد (٢٠١٤)،أساليب المعاملة الوالدية كما يدركها الأبناء و علاقتها بالاتزان الانفعالي لدى الأطفال المضطربين كلاميا بمحافظة مسقط، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم والآداب، جامعة نزوى، عمان.

فرويد، سيجموند (١٩٨٢): الأنا و الهو، ترجمة محمد عثمان نجاتي، ط٤، دار الشروق، بيروت.

الكعبي، كاظم محسن كويطع (٢٠١٩)، النضج الانفعالي لدى طلبة المرحلة الاعدادية وعلاقته بالوعي الاخلاقي، مجلة كلية التربية، العدد ثامن والثلاثون، الجزء الأول، جامعة واسط.

منسي، محمود عبدالحميم وكاظم، علي مهدي (٢٠١٠)، تطوير و تقنين مقياس جودة الحياة لدى طلبة الجامعة في سلطنة عمان، مجلة الأكاديمية الأمريكية العربية للمعلوم والتكنولوجيا، الولايات المتحدة الأمريكية.

محمد، محمد عباس وعبد، سلوى فائق (٢٠١٧)، الوعي الأخلاقي وعلاقته بأسلوب تسلط الوالدين لدى طلبة المرحلة الثانوية في محافظة بغداد، مجلة البحوث التربوية والنفسية، العدد (٦١)، المجلد (١٦)، جامعه بغداد.

محمد، نمسه يحيي رجب (٢٠٢٠)، العلاقه بين أساليب المعاملة الوالدية كما يدركها الأبناء والتفكير الإبداعي لدي طلاب المرحلة الإعدادية، مجلة كلية الخدمة الاجتماعية للدراسات والبحوث الاجتماعية، العدد الثالث والعشرون، جامعة الفيوم، مصر.

مستەفا، یوسف حەمەساڵح (٢٠١٩): كەسایەتی و سروشتی مرۆڤ، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی ئەندێشە.

الوحيدي، لبنى برجس (٢٠١١)، الحكم الخلقي وعلاقته بأبعاد هوية الأنا لدى عينة من المراهقين المبصرين والمكفوين في محافظات غزة، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة الازهر.

Bryant, Peter (2009), Self-regulation and moral awareness among entrepreneurs, Journal of Business Venturing, vol. 24, Issue 5, 505–518.

Gino, Francesca & et. al (2011), Unable to resist temptation: How self-control depletion promotes unethical behavior, Organizational Behavior and Human Decision Processes 115, 191–203.

Jones, Thomas M. (1991): ETHICAL DECISION MAKING BY INDIVIDUALS IN ORGANIZATIONS: AN ISSUE-CONTINGENT MODEL, University of Washington Academy of Management Review, Vol. 16, No. 2, 366-395.

Jung, Kyung Hwa (2014), Moral Perception and Education in the World Today, Department Philosophy and Education, Columbia University.

Lundberg, Viktor, & Montell , Christofer (2010), The Effects of Incentive Compensation on Moral Awareness – An Explorative Study, master thesis in Management Accounting, university of Gothenburg.

Myyry, Liisa (2003), Components of Morality, A Professional Ethics Perspective on Moral Motivation, Moral Sensitivity, Moral Reasoning and Related Constructs Among University Students, Academic dissertation to be presented with the permission of the Faculty of Social Sciences of the University of Helsinki.

Narvaez, D. (1993): High achieving students and Moral judgment. journal for the Education.

Nauvaez, D. (1998): The In Huence of Moral Schemas on Reconstruction of Moral Narratives in Eight Graders and College Students, Journal of Educational psychology, Vol.90, No.1.

Rest, J. R (1994), Background: Theory and Research. In J. R. Rest and D. Narvaez (Eds.), Moral Development in the Professions. Hillsdale, NJ: Lawrence Erlbaum Associates, Publisher.

Reynolds, S. J (2006), Moral Awareness and Ethical Predispositions: Investigating the Role of Individual Differences in the Recognition of Moral Issues. American Psychological Association. Journal of Applied Psychology, Vol. 91, No. 1, 233.

Ross, J.H. (1980): Introduction to Human site Psychology, Montray calif books cale, New York.

Vansandt, Craig V: (2001), AN EXAMINATION OF THE RELATIONSHIP BETWEEN ETHICAL WORK CLIMATE AND MORAL AWARENESS, Doctor of Philosophy in Management, Blacksburg, Virginia, USA.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp24-37